دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

# کوردستان

www.kurdistanukurd.com

ژمارە ٥١١

ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

هەینی ١٥ی جۆزەردان ١٣٨٨ - ٥ی ژوئەن ٢٠٠٩ - ١٥٠ تمەن

سیاسی

بەیاننامەی هاوبەشی حدك و پاك لە سەر هەڵبژاردن

سیاسی

پەسەندکراوی کۆمیتەی ناوەندی لە سەر پێویستی هاوکاری هێزە کوردستانییەکان

سیاسی



بزاڤی باکوور و هەڵکشانێکی جیددی

کۆمەڵایەتی



ژنانی وشیاری ئێران بە دروشمی سەروبەندی هەڵبژاردن هەڵ نافریوێن

# هەڵبژاردنی سەرکۆماری، دەرفەتێك بۆ پاشەکشە بە سەرەڕۆیی و زۆرداری




لە بەیاننامەیەکی هاوبەشدا کە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و پارتی ئازادیی کوردستان، رۆژی ٩ی جۆزەردان لە پێوەندی لەگەڵ دەیەمین هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ئێراندا بڵاویان کردەوە، هەر دوو حیزب داوا دەکەن ئەم هەڵبژاردنە بکرێتە دەرفەتێك بۆ پاشەکشە بە سەرەڕۆیی و، بکرێتە سەرەتایەك بۆ پێکهێنانی گۆڕان لە کەشوهەوای سیاسیی ئێراندا.

پارتی ئازادیی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستان داوا لە گەلی کوردو گەلانی بندەستی ئێران دەکەن ململانێی هەڵبژاردن بکەنە مەیدانێك و دەرفەتێك بۆ هێنانە گۆڕو بەرەو پێشبردنی داخوازە رەواو نەتەوەیی و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی خۆیان.

هەر لەم پێوەندییەدا رۆژی ١ی جۆزەردان لە شاری هەولێر پرێس کۆنفرانسێك بە بەشداریی نوێنەری هەر دوو حیزب و پەیامنێران و نوێنەرانی راگەیەنەکانی کوردستان بۆ باس لە بارەی هەڵوێستی ئەو دوو حیزبە لە بارەی هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ئێران، بەڕێوە چوو. هەر لەم ژمارەیەدا راپۆرتێك لە بارەی ئەم پرێس کۆنفرانسەو هەروەها بەیاننامەی هاوبەشی "حدك" و "پاك" بخوێننەوە.

## ئۆباما: من بۆ دەسپێکێکی نوێ هاتوومەتە ئێرە



باراك ئۆباما سەرکۆماری ئەمریکا لە وتارێکدا کە لە زانکۆی قاهیرە پێشکەشی کرد رایگەیاند کە ئەمریکا دەیەوێ پێوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی موسڵمان سەر لەنوێ دابڕێژێتەوەو وتی: من بۆ دەسپێکێکی نوێ هاتوومەتە ئێرە.

ئۆباما باسی لەو کەشە بێمتمانەیە کرد لە ساڵانی رابردوودا لە نێوان بەشێك لە جیهانی ئیسلام و ئەمریکادا بووو وتی: ئەو کەشە بێمتمانەییە دەبێ برەوێتەوەو من هاتووم تا رێگەیەکی نوێ بۆ دارشتنەوەی پێوەندییەکانی ئەمریکاو موسڵمانان ببینمەوە، پێوەندییەك کە لەسەر بنەمای رێزگرتنی دوو لایەنە بێ.

ئۆباما هەروەها وتی ئێمە هەمووماندەبێ بە یەکەوە بە دژی توندوتیژی و تیرۆرو ترسی چەکی ناوکی لە رۆژهەڵاتی نێوەراست رابوەستین و ئەوانە هەڕەشەن بۆ سەر هەمووامان.

ئۆباما سەبارەت بە بەرنامەی چەکی ناوکی ئێران وتی: ئێران مافی خۆیەتی بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە کەڵك لە وزەی ناوکی وەربگرێ، بەڵام نابێ رۆژهەڵاتی نێوەڕاست ببێتە گۆڕەپانێك بۆ ئەوەی وڵاتانی رکەبەریی لەسەر دەسڕاگەیشتن بە چەکی ناوکی بکەن.

بە پێی سەرچاوەکانی هەواڵ ئەم وتارەی ئۆباما لەگەڵ پێشوازی وڵاتانی عەرەب رووبەڕوو بۆتەوەو وەکوو نیشانەیەك لە گۆڕانی سیاسەتەکانی ئەمریکا بەرانبەر وڵاتانی عەرەب و ئیسلامی چاوی لێ دەکەن.

## عەبدوڵڵا سۆهرابی: ئێمە دەنگ بە داخوازییەکانی گەلی خۆمان دەدەین



کوردستان و کوردنیوز: عەبدوڵڵا سۆهرابی چالاکی سیاسی لە وتارێکدا کە لە کۆبوونەوەیەك دا لە شاری مەریوان پێشکەشی کرد، رایگەیاند کە ئێمە دەنگ بە داخوازییەکانی گەلەکەی خۆمان دەدەین و لە دەرفەتی هەڵبژاردن بۆ ئەو مەبەستە کەڵك وەردەگرین.

سۆهرابی ئێوارەی رۆژی رابردوو، چوار شەممە ١٣ی جوزەردان لە کۆبوونەوەیەکی ئینتخاباتی دا لە ستادی مێهدی کەڕرووبی وتارێکی پێشکەش کرد. سۆهرابی لە وتەکانی دا ئاماژەی بەوە دا کە دەتوانین لە هەڵبژاردنی ئەمجارە وەکوو دەرفەتێك بۆ هێنانە ئارای داخوازییەکانی گەلی کورد کەڵك وەربگرین و رایگەیاند ئێمە دەنگ بە کەڕرووبی نادەین، بەڵکوو دەنگ بەو داخوازییانە دەدەین کە لە ٨ مادەی بەرنامەی ناو براودا باسی لێ کراوە، ئەگەر چی بەشێکی کەمن لە داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان.

سۆهرابی هەر لە درێژەی ئەو باسەدا وتی ئەگەر کەڕرووبی بە بەڵێنییەکانی خۆی وەفادار مایەوە و جێبەجێی کردن باشتر، بەڵام ئەگەر وەفادار نەمایەوە گرنگ ئەوەیە ئێمە بە ڕوونی داخوازییەکانی خۆمان هێناوەتە ئاراوە و دواتر قسەی لە سەر دەکەین و بە چاوی دا دەدەینەوە.

کرماشان:

## لە کۆبوونەوەیەکی ئینتخاباتی دا لاوانی کورد سروودی "ئەی رەقیب" دەخوێننەوە

لە شاری کرماشانەوە هەواڵنێرمان پێی راگەیاندین کە رۆژی دووشەممە ١١ی جۆزەردان لە کۆبوونەوەیەکی ئینتخاباتی دا کە لە ژێر ناوی "بۆ بەشداری بکەین؟ و بۆ دەنگ بە کەڕوبی بدەین" بە دەیان کەسایەتیی سیاسی و مەدەنی کوردو ژمارەیەکی بەرچاو لە خوێندکارانی ئازادیخوازی کورد بەشدار بوون، لاوان و خوێندکارانی وێڕای بەرزکردنەوەی درووشمی ئازادیخوازانەو داواکردنی ئازادی زیندانیانی سیاسیی کورد، سروودی "ئەی رەقیب"یان بە تێکڕایی خوێندەوە. خوێندکاران و لاوانی کورد لەو کۆبوونەوەیەدا بە بەرزکردنەوەی وێنەی زیندانیانی سیاسی وەکوو فەرزاد کەمانگەرو ... خوازیاری ئازادی زیندانیانی سیاسی کورد بوون.

ئەو کۆبوونەوەیە بە هاوکاری رێکخراوی جاداك "رێکخراوی خوێندکاران و خوێندەوارانی کرماشانی" و بە هاوکاری یەکیەتیی دیموکراتیکی خوێندکارانی کوردو بەرەی یەکگرتووی کورد بەڕێوەچوو و چەندین کەسایەتی وەکوو دوکتور رەحیم فەرەهمەند وتەبێژی بەرەی یەکگرتووی کورد، عەبدوڵڵا سۆهرابی خاوەن ئیمتیازی دوو حەووتوونامەی داخراوی "رۆژهەڵات" و نوێنەری پێشووی خەڵکی مەریوان لە مەجلیس و مەسعوود کەرەمی دەبیری یەکیەتیی دیموکراتیکی خوێندکارانی کوردو مامۆستا سەید سەلاحەدینی حیسامی ئیمام جومعەی پێشووی شاری سنەو ... بەشدار بوون و هۆکارەکانی بەشداری ئەمجارەیان لە هەڵبژاردنی سەرکۆماری و هەروەها هۆکاری دەنگدانیان بە مێهدی کەڕووبی روون کردەوە. بەشداران روونیان کردەوە



کە ئەوان بە هۆی ئەوەی کە بۆ یەکەم جار لە مێژووی ٣٠ ساڵی رابردوودا کەڕووبی لە راگەیەندراوێکی رەسمی دا بەشێکی هەرچەند کەم لە داخوازییەکانی خەڵکی کوردی قەبووڵ کردووەو بەڵێنی جێبەجێ کردنیانی داوە، ئێمە وەکوو کورد دەرفەتی پێ دەدەین کە بەڵێنییەکانی جێبەجێ بکا. لەو کۆبوونەوەیەدا بەشداران هاوکات جەختیان لە سەر داخوازییە نەتەوەیی و دیموکراتیکەکانی خەڵکی کورددا گرتەوەو رایانگەیاند کە ئەوان دەسبەرداری داخوازییەکانیان نابن.

## ستەم و جیاوازیدانانی نەتەوەیی و ئایینی، هۆیەکی سەرەکیی قەیرانەکان

قادر وریا

زاهیدان، ناوەندی بەلووچستان لە یەك حەوتووی رابردوودا کۆمەڵێك رووداوی خوێناویی بە خۆیەوە دیت. لە ٧ی جۆزەردان دا خۆکوژێکی سەر بە "جنبش مقاومت ملی ایران" (جنداللە) بۆمبێکی لە رێورەسمی "فاطمی"ی بەسیجی‌یەکانی ئەو شارە لە مزگەوتی "علی ابن ابیطالب"دا تەقاندەوەو، بووە هۆی کوشتنی ٢٥ کەس و بریندار کردنی ژمارەیەکی زیاتر. ٣ رۆژ دوای ئەم رووداوە کاربەدەستانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی لەو شارە ٣ کەسی بەلووچیان لە بەرچاوی خەڵك لەدار دا. ئەو ٣ کەسە پێش لەو تەقینەوەیە گیرا بوون، بەڵام کاربەدەستان بە تاوانی هێنانی تەقەمەنی بۆ عامیلانی ئەو رووداوە، لە داریان دان! رۆژی یەکشەممە ١٠ی جۆزەردان کاتێك مەولەوی عەبدولحەمید، ئیمام جومعەی شار و کەسایەتیی ئایینی سوننی‌یەکان بە مەبەستی هاودەردی و هاوپێوەندی لە رێورەسمی یاد کردنەوەی قوربانییەکانی کارەساتی رۆژی ٧ی جۆزەردان دا، بەشدار ببوو، کەوتە بەر هێرش و سووکایەتیی "لیباس شەخسییەکان". ئەگەرچی ناوبراو لەم هێرشە بە سلامەت دەرچوو، بەڵام ئەو سووکایەتییە بوو بە هۆی ورووژانی هەستی نەتەوەیی و ئایینیی خەڵکی بەلووچی شارەکەو، لە نێوان ئەوان و شیعەکان کە زۆربەیان زابولی و سیستانین پێکهەڵپرژان رووی‌دا. ئەمجاریش کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بە هێزی نیزامی و تەقە کردن لە خەڵکی تووڕە و گرتن و سەرکوت و حکوومەتی نیزامی وەزعەکەیان هێور کردوە. لەم ئالۆزی و نائارامییانەش دا زیاتر لە ١٠ کەس کوژران و ژمارەیەکی دیکە بریندار بوون.

ئاوڕێك لە قەیرانەکانی ٣٠ ساڵی رابردوو و کرۆنۆلۆژیی ئالۆزی و نائارامییەکانی ئێران لە ماوەی ٣ دەیە دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی دا پێمان دەڵێ ئەو سەرزەوی و ناوچانەی، نەتەوە بندەستەکانی ئێران و پەیرەوانی ئایین و مەزهەبی جیاواز لە ئایین و مەزهەبی رەسمیی وڵاتیان لێ دەژین، ناوەندە سەرەکییەکانی ئەو قەیران و ئالۆزییانەن. کوردستان، بەلووچستان، تورکمەنستان، خوزستان و ئازەربایجان کە سەر زەوی و نیشتمانی گەلانی زۆر لێکراوی ئێرانن، یان هەر شارو ناوچەیەك کە دوو نەتەوەو دوو ئایینی جیاواز بە هەلومەرجی نابەرامبەرەوە لە پەنا یەك دەژین، بە بەردەوامی یان ناوبەناو، شاهیدی ململانێ و بەربەرەکانی خەڵك لەگەڵ هێزو دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی دەوڵەتی و، کاربەدەستان و عامیلانی ستەم و جیاوازیدانانی نەتەوەیی و ئایینی بوون. هێندێك جاریش کێشەکان بە لاڕێدا چوون و رەنگی ناکۆکیی نێوان رۆڵەکانی دوو نەتەوە یا پەیرەوانی دوو مەزهەبیان بە خۆوە گرتوە. ئەمەش لەو راستی‌یەوە سەرچاوەی گرتوە کە سیستەمی دەسەڵاتدارەتیی وڵات، ئاگایانە و بە ئەنقەست، لە هەر ناوچەیەك کەسانێك لە نەتەوەو مەزهەبێکی تایبەتیان کردوە بە بەشێك لە میکانیزم و ئامرازی ستەم و جیاوازیدانانی نەتەوەیی و مەزهەبی لە دژی نەتەوەو مەزهەبێکی دیکە.

ل ٥

# پرێس کۆنفرانسێك سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری بۆ حدك و پاك لە هەولێر بەڕێوە چوو



دوانیوەڕۆی ڕۆژی یەك شەممە، ١٠ی جۆزەردان کۆنفرانسێکی چاپەمەنی سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری لە ئێران بۆ بەڕێزان کەماڵ کەریمی ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان و حوسێن یەزدانپەنا جێگری سەرۆکی پارتی ئازادی کوردستان بەڕێوەچوو.

ئەو کۆنفڕانسە چاپەمەنییە کە بە دوای بڵاوبوونەوەی ڕاگەیەندراوی هاوبەش لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستان و پارتی ئازادی کوردستان بەسترا، کەماڵ کەریمی و حوسێن یەزدانپەنا هۆکارەکانی گرتنەبەری ئەو هەڵوێستە جیاوازە لە حیزبەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان شی کردەوە. کەماڵ کەریمی لە سەرەتادا ئاماژەی بەوەدا کە هەڵوێستی ئەم جارەی حیزبی دێموکرات سەبارەت بە هەڵبژاردنی سەرکۆماری تا ئێستاش دەسکەوتی هەبووەو لە نێوخۆی وڵات بە تایبەت لە لایەن چالاکانی سیاسی و مەدەنی کوردەوە پێشوازییەکی زۆری لێ کراوە.

کەریمی وتی: ئەم هەڵوێستە کتووپڕو لە ماوەی چەند ڕۆژێك دا نەگیراوە، بەڵکوو لە ساڵی ڕابردووەوە ئێمە وەکوو حیزبی دیموکرات بە وردی بەدواداچوونی پرۆسەی هەڵبژاردنمان کردووەو هەروەها بۆ ئێمە هەڵوێستی چالاکان و تێکۆشەرانی سیاسی و مەدەنی کورد لە نێوخۆی وڵات بە لامانەوە زۆر گرینگە کە ئەوانیش لەگەڵ بایکۆت کردنی هەڵبژاردنەکاندا نین.

ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە درێژەدا وتی: خەباتی کورد بە گشتی و بەتایبەت چالاکان و تێکۆشەرانی نێوخۆی وڵات لەم ساڵانەی دوایی دا کارێکی وای کردوە کە لە نێو دەسەڵات دا لە بەرزترین ئاستەکان دا لە لایەن کاندیداکانی سەرکۆمارییەوە ئێعتراف بە هەڵاواردنی نەتەوەیی لە کۆماری ئیسلامی دا بکرێ و هەر چەند لە ئاستێکی کەمی داخوازییەکانیش دابێ، بۆ یەکەم جارە بە دەرکردنی بەیاننامە، بەرنامە بۆ چارەسەری پێشکەش بکەن کە ئەوەش لە ڕاستی دا ئاکامی خەباتی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستانە بە حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆن و تێکۆشەرانی نێوخۆوە.

کەریمی هەروەها لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا وێڕای ئاماژە کردن بە گۆڕانەکانی کۆمەڵگەی کوردستان، وتی: ئێمە لە سەر ئەو باوەڕەین کە بۆ بەرزکردنەوەو هێنانە ئارای داخوازییە نەتەوەیی و دێموکراتیکەکانمان پێویستە لە هەموو دەرفەتەکان کەڵك وەربگرین.

هەروەك لە ڕاگەیەندراوە هاوبەشەکەمان دا هاتووە بە پێی ڕەوتی پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی ئەم خولەی سەرکۆماری لە ئێران پێمان وایە دەرفەت بۆ هێنانە ئارای داخوازییەکان لە لایەن خەڵکەوە هەیەو هەر پاش وەڵام دانەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ڕاگەیەندراوەکەی کەڕووبی، میرحوسێن مووسەویش هەر چەند لە ئاستێکی کەمتردا ناچار کرا کە ئەویش ڕاگەیەندراوێکی هاوشێوە دەربکاو تەنانەت کەسێکی وەکوو ئەحمەدی نژاد کە لە ٤ ساڵ بە توونددترین شێوە سەرکوتی گەلی کوردی درێژە پێ دا، ئەویش بە ناچاریش بووبێ ڕایگەیاندوە کە دەبێ بەندی ١٥ی قانوونی بنەڕەتی بەڕێوە ببرێ. کە هاتنە ئارای ئەم باسانە لە لایەن کاندیداکانەوە تەنیاو تەنیا بەرهەمی خەباتی گەلی کوردە.




کەماڵ کەریمی هەروەها سەبارەت بە وەڵامی پرسیارێك دا کە ئایا ئەم هەڵوێستەیان نابێتە هۆی دوورکەوتنەوەو پڕش و بڵاوی زیاتری حیزب و لایەنە کوردییەکان وتی: زۆر سروشتییە کە سەبارەت بە مەسەلەیەك هەڵوێستی جیاوازمان هەبێ، ئەوە هیچ کات کار ناکاتە سەر دۆستایەتی و پێوەندیمان لەگەڵ حیزبەکانی دیکەو لێرە بەدوا زیاتر لە ڕابردووش هەوڵ بۆ یەکڕیزی و هاوهەڵوێستی دەدەین.

لەو پرێس کۆنفڕانسەدا حوسێن یەزدانپەناش جەختی لە سەر هاوپێوەندی و هاوخەباتی حیزبەکان لە دەرەوەو چالاکانی نێوخۆ کردەوەو ئەم هاوخەباتییەشی وەکوو یەکێك لە هۆکارەکانی هەڵوێستی حدك و پاك هێناوە.

جێگری سەرۆکی پارتی ئازادی کوردستان لە وەڵامی پرسیارێك دا کە ئەم هەڵوێستە مەشرووعییەت بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی نادا، ڕایگەیاند: کۆماری ئیسلامی هیچ کاتێك پێویستی بە دەنگی خەڵك نەبووە بۆ مەشرووعییەتی خۆی، بەڵکوو ڕێژیم بە ڕوونی لە قانوونی بنەڕەتی دا باسی کردووە کە مەشرووعییەتی نیزام لە فەرامینی ئاسمانییەوە وەرگیراوەو لە زەمانی غەیبەتی ئیمامی زەمان، ئەوە وەلی فەقیهە دەسەڵاتی بەدەستە. ئەو نموونەی لە تورکیە هێناوە کە لەو وڵاتەش دا مەشرووعییەت بە بیرو باوەڕی کەمالیستییەوە وەردەگیرێ و وتی: ئەگەر وابێ کورد لە باکووری کوردستان هیچ کاتێك ناتوانێ لە کایە سیاسییەکان و لە هەڵبژاردنەکان دا بەشداری بکا، چونکە بە پێی قانوون مەشرووعییەتی بە کەمالیزم داوە.

بەڕێز یەزدانپەنا هەروەها جەختی لە سەر ئەوە کردەوە کە ئەم جیاوازی هەڵوێستە لە نێوان حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کار ناکاتە سەر بیروباوەڕی ئەوان بۆ لێك نزیکبوونەوەو هاوهەڵوێستی حیزب و لایەنە کوردستانییەکان.

---

# چەند کەسێکی سەر بە ڕێژیم لاوانی سەردەشت بە زۆر موعتاد دەکەن



چەند کەسێکی سەر بە ڕێژیم و تریاك فرۆش لە گەڕەکێکی شاری سەردەشت بە زۆر مەوادی موخەدیر بە لاوانی ئەو شارە تەزریق دەکەن.

بە گوێرەی ئەو زانیاریانەی لەو پێوەندییەدا بە "کوردستان" گەیشتوون، ماوەیەکە کۆمەڵێك لە سیخوڕو تریاك فرۆشەکانی شاری سەردەشت بە بیانووی جۆراوجۆر لاوانی ئەو شارە دەبەنە نەخۆشخانەی سەیاری گەڕەکی جانبازان کە ئێستا کاول بووەو وێڕای سووکایەتی کردن، بە زۆر مەوادی موخەدیریان پێ تەزریق دەکەن.

ئەو سەرچاوەیەی کە ئەو زانیاریانەی پێ ڕاگەیاندووین، وتی کە تا ئێستا چەندین لاو بەم شێوەیە لە لایەن ئەو گرووپە لە بەکرێگیراوانی ڕێژیمەوە موعتاد کراون.

لەلایەکی دیکەوە هەر لە شاری سەردەشتەوە هەواڵمان پێگەیشتووە کە ماوەیەکە کۆمەڵێك دزو جەردە تەنگیان بە خەڵك هەڵچنیوە. بە پێی ئەم هەواڵە دزەکان شەوانە لە دەرگای ماڵان دەدەن لە ڕێگەی جۆرە گازێکی بێهۆشکەرەوە ئەندامانی بنەماڵەکان بێ هۆش دەکەن و پاشان کەل و پەلەکانیان تاڵان دەکەن. لە ماوەی چەند ڕۆژدا چەندین جار بەم شێوەیە دزی لە خەڵکی سەردەشت کراوەو تا ئێستاش هێزەکانی ئینتیزامی هیچ هەوڵێکیان بۆ دەسبەر کردنی ئەو دزانە نەداوە.

شایانی باسە بەشێك لە خەڵکی سەردەشت گومانی ئەوەیان هەیە کە ئەو باندە دزو جەردەیە بە فیتی وەزارەتی ئیتلاعات راوڕووتی خەڵکیان دەست پێکردووە.

---

# چالاکیی تەبلیغی ئەندامانی حیزب لە نێوخۆی وڵات

**مهاباد**

ئەندامان و تێکۆشەرانی ڕێکخستنی نهێنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕۆژی ١١ی جۆزەردان لە شاری مهاباد لە ئاستێکی بەربڵاودا چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد

لەو چالاکییەدا تێکۆشەرانی حیزب بە سەدان نووسخە فیلم و تراکت و پوستێرو وێنەی ڕێبەرانی شەهیدو شەهیدانی ٢٣ی گەلاوێژیان بڵاو کردەوە کە لەگەڵ پێشوازییەکی گەرمی خەڵك ڕووبەڕوو بۆوە. بەشێك لەو شوێنانەی کە چالاکیی تەبلیغییان تێدا بەڕێوە چوون بریتین لە: مەیدانچەی حەسەنزادە، کوچەو کۆڵانەکانی پارکی سەید قوتب، گەڕەکی خڕێ، ئازادەگان، کوچەکانی موکریان، فەرهەنگیان، کوچەکانی ٨ میتری و ...

**سایین قەڵا**

هەروەها ئەندامانی ڕێکخستنی نهێنی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری سایین قەڵا لە چالاکییەکی تەبلیغیدا بە سەدان نوسخە لە بەیاننامەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتیان لە پێوەندی لەگەڵ بەیاننامە ٨ مادەییەکەی مەهدی کەڕووبی بڵاو کردەوە.

بە پێی ئەم هەواڵە ئەندامانی ڕێکخستنی نهێنی لە چالاکییەکەیاندا ڕاگەیەنراوی دەفتەری سیاسییان لە گەڕەکەکانی خوڕەم دێ، جەهاد، دادگا، ئەماکن، شەقامی کاریگەر، هونەرستانی١٤ مەعسووم و جادەی تیکاب بڵاو کردەوە.

# بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی تایبەت بە ڕۆژی جیهانیی منداڵان لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

دوانیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ١ی ژوئەنی ٢٠٠٩، ناوەندی منداڵ پارێزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی منداڵان، بە بەشداری منداڵانی کەمپەکانی حیزب و بنەماڵەکانیان لە یەکێك لە ساڵۆنەکانی سەر بە دەفتەری سیاسی ڕێوڕەسمێکی تایبەت بەو ڕۆژەی بەڕێوە برد. سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە هەڵپەڕکێی گرووپی "نیان" دەستی پێ کرد. پاشان بەڕێز عەلی بداغی بەرپرسی ناوەندی منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پەیامێکی بەم بۆنەوە پێشکەش کرد.

بوداغی لە پەیامەکەی دا وێڕای پیرۆزبایی کردن لە منداڵانی کەمپەکانی حیزب و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تیشکی خستە سەر بارودۆخی ژیانی پڕ لە نەهامەتی و دژواری منداڵانی کورد لە ژێر دەسەڵاتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و لەو پێوەندییەدا ئاماژەی بەوە کرد کە، ئەگەر لە وڵاتانی پێشکەوتوو و دیموکراتیکی دنیادا یاساکان و بەها کلتوورییەکانی کۆمەڵگە خزمەت بە پەروەردەو گەشەو هەڵدان و پارێزراو بوونی مافی منداڵان دەکەن و گرەنتییان دەکەن، بەڵام لە ئێران دا ئەوە قانوونەکانن کە ژیانێکی تاڵ و کۆڵەمەرگییان بە سەر منداڵان دا سەپاندووەو بە پلەیەك نزمتریش، ئەوە بەشێکی زۆر لە نۆرم و هەڵسووکەوتی کلتووری کۆمەڵایەتییەکانە بزەی لە سەر لێوی منداڵان تاراندووەو لە گەشەو نەشەی خستووە.

پاشان کۆمیدیەنی بەرنامەی "گەنجۆ" ڕێوڕەسمەکەی ڕازاوەتر کرد. بڕگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمەکە، شانۆی "تەقتەقە کەوشان" لە نووسینی خاتوو سیمین چایچی بوو کە لە لایەن کۆمەڵێك منداڵی بەهرەمەندەوە پێشکەش کرا. دواتر گۆرانی کۆترە شینکەو گەشانەوە لە لایەن کۆمەڵێك منداڵی چاوگەشەوە پێشکەش کران.

نێوئاخنی بەشێکی دیکەی ئەم ڕێوڕەسمە شێعرو سروودو گۆرانی بوو کە لە لایەن منداڵانەوە پێشکەش کران.

دوایین بەشی ڕێوڕەسمەکە هەڵپەڕکێی گرووپی "کۆترەکانی تاراوگە" بوو کە لەگەڵ پێشوازی بەشداران ڕووبەڕوو بۆوە.

---

درێژەی:

# عەبدوڵڵا سۆهرابی: ئێمە دەنگ بە داخوازییەکانی گەلی خۆمان دەدەین

سۆهرابی هەروەها سەبارەت بە بەشداری سیاسی خەڵکی کورد و خەمسارد نەبوونیان بەرامبەر بە چارەنووسی خۆیان، ڕایگەیاند کە دەبێ هەمیشە لە مەیدان دا بین و بەرامبەر بە بەچارەنووسی خۆمان بێ دەنگ و خەمسارد نەبین، ئەو نموونەی لە باکووری کوردستان هێنایەوە کە خەڵکی باکوور بەردەوام لە شەقامەکان دا هەن و قەت لە داخوازییەکانی خۆیان غافڵ نابن، هەر بۆیە پاشەکشێ بە دەوڵەت دەکەن، ئێمەش دەبێ چاو لەو نموونەیە بکەین و تەنانەت هەوڵ بدەین لە داهاتوودا ببینە حیزبێکی وەکوو پارتی کۆمەڵگای دیموکراتیك(dtp).

سوهرابی لە بەشێکی دیکەی قسە کانیدا ڕەخنەی لە دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد گرت و وتی: ئێمە دەوڵەتی هێرەماسیمان ناوێ، دەوڵەتی ٥٠ هەزار تەمەنیمان ناوێ، سەرمایەی ئەو میللەتە دەبێ لە ناوخوی وڵاتەکەی دا خەرج بکرێ.

شایانی باسە ئەم قسانەی عەبدوڵڵا سۆهرابی لەلایەن ئامادەبوانەوە پێشوازی لێ کرا.

## بەیاننامەی هاوبەش:

# با هەڵبژاردنی سەرکۆماری بکەینە دەرفەتێک بۆ بەرەوپێشبردنی ویست و داخوازە نەتەوایەتییەکان

هاونیشتمانە بەڕێزەکان!
گەلانی زۆرلێکراوی ئێران!
ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد!

نزیک بە دووحەوتووی دیکە هەڵبژاردنی دەورەی دەیەمی سەرکۆماری لە ئێراندا بەڕێوەدەچێ. لە وڵاتانی دێموکڕات و پێشکەوتوودا هەڵبژاردن بۆ هەرکام لە ئۆرگانەکانی بەڕێوەبەری دەرفەتێکە بۆ دەرخستنی ویست وداخوازی خەڵک و بە مانایەک بەکاربردنی دەسەڵاتی ئەوان. بەڵام لە وڵاتانی دواکەوتوو و خاوەن ڕێژیمی توتالیتێری وەک ئێرانی ئەمڕۆ زۆرجار ئەو نەریتە ئازادو دێموکراتیکە لە نێوەرۆکی خۆی بەتاڵ دەکرێ و دەسەڵاتدارە سەرەڕۆکان تا بۆیان بکرێ تێدەکۆشن وەک ئامرازێک بۆ ڕەوایی- بەخشین بەحکوومەتەکەیان کەڵک لە پڕۆسەی هەڵبژاردن وەربگرن.

لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا دیاردەی شێواندنی نێوەرۆکی هەڵبژاردن زیاتر لە هەموو جێگایەک بەرچاوە. ئەگەر لە زۆر وڵاتی دنیادا پێشێل کردنی قانوون دەبێتە مایەی فەوتانی مافی وەکیەکی هاونیشتمانان و بەرتەسک کردنەوەی دێموکڕاسی، لە ئێراندا قانوون و تەنانەت قانوونی بنەڕەتییش سەرچاوەی سەرەکیی جیاوازی و هەڵاواردن و پێشێلکردنی مافی بەرانبەری مرۆڤەکانە. لەم سیستمەدا بۆ ئەوەی کەسێک بتوانێ خۆی بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری کاندید بکا، بەپێی دەقی قانوونی بنەڕەتی دەبێ لەباری ڕەگەزەوە پیاو بێ، لەباری ئایینەوە موسوڵمان و لەباری مەزهەبەوە شیعەی دوازدە ئیمامی بێ، کە هەر بە یەکەم مەرج نیوەی ئەندامانی کۆمەڵ واتە ژنان لە مافی کاندیداتۆری بێ بەش

**با بە هەمووڵایەک هەوڵ بدەین ئەم هەڵبژاردنە بکەینە سەرەتای پاشەکشە بە سەرەڕۆیی و ڕێگە بۆ پێکهێنانی گۆڕان لە کەش و هەوای سیاسیی وڵاتدا خۆش بکەین و بیکەینە سەکۆیەک بۆ هەڵێنانەوەی هەنگاوی گەورەترو کاریگەرتر**

دەبن و بە مەرجەکانی دیکەش هاونیشتمانانی غەیری موسوڵمان و موسوڵمانانی غەیری شیعەو تەنانەت شیعەی غەیری دوازدە ئیمامی دەبنە هاونیشتمانی پلەدوو. خۆ ئەگەر هاونیشتمانێک هەموو ئەو مەرجانەشی تێدا بن بەڵام بەهەر هۆیەک جێگەی پەسندی کاربەدەستانی سەرەوەی دەسەڵات نەبێ ئەوە دەگەڵ زۆر کەندو کۆسپی جۆراوجۆر بەرەوڕوو دەبێتەوە. تازە لە نێو ئەوانەشدا کە لەو کەندو کۆسپانە تێدەپەڕن هەمیشە مۆرەی دەستنیشانکراوی "ڕێبەر" هەیە کە هەموو ئامرازێکی ڕەواو ناڕەوا بۆ دەرچوواندنی بەکار دەهێنرێ و کەم وایە خەڵک بتوانن لەنێو دەستبژێرکراوەکانیشدا یەکێک بە دڵی خۆیان هەڵبژێرن.

هەڵبژاردنی دەورەی دەیەمی سەرۆک‌کۆماری کە بەدوای چوار ساڵ دەسەڵاتداریی مەحموودی ئەحمەدی‌نژاد مۆرەی دڵخوازی خامنەییدا دێ، بە بەراورد لەگەڵ بەشی زۆری دەورەکانی دیکە جموجۆڵێکی زیاتری تێدا دەبینرێ و خەڵکی ئێران بە هەموو پێکهاتەکانییەوە کە زۆریان بە دەست چوار ساڵ سەرکۆماریی ئەحمەدی- نژادەوە چێشتوە، بە جۆرێکی دیکە بەرەورووی ئەو هەڵبژاردنە دەبنەوە. ئەگەرچی ئەمجارەش وەک هەموو جارەکانی دیکە خۆکاندیدکردن ئازاد نەبووەو لە نێو زیاتر لە٤٧٠کاندیدادا تەنیا چوارکەس، ئەویش لە ڕووما ناسراوەکانی کۆماری ئیسلامی توانیویانە لە پاڵوێنەی شووڕای نیگابان تێپەڕن، بەڵام هێندێ جیاوازیی بەرچاوی دەگەڵ دەورەکانی پێشوو تێدا بەدیار دەکەون. لەوانە:

_ بارودۆخی شپڕێوی ئابووریی ئێران سەرەڕای ئەو هەمووە داهاتە پێشبینی نەکراوە کە لە ئاکامی چوونەسەری نرخی نەوت لە چوارساڵی حکوومەتی ئەحمەدی‌نژاددا دەست ڕێژیم کەوتوەو سیاسەتی ئاژاوەگێڕانەی سەرانی کۆماری ئیسلامی کە ئێرانی لە کۆمەڵگەی جیهانیدا لەگەڵ تەریک کەوتنەوەو بێ ئیعتیباری بەرەوڕوو کردوە، وەزعێکی وایان پێک هێناوە کە هەمووکاندیداکان بە ڕاشکاوییەکی کەم وێنەوە ڕەخنە لەکارنامەی ئەحمەدی‌نژاد دەگرن و ئەمە بەرادەیەک ڕێبەری نیزامی نیگەران کردوە کە بەپێچەوانەی قانوون، بەئاشکرا پشتیوانی و بەرگریی لێ بکاو تەنانەت هەوڵ بدا دەنگی بۆ کۆبکاتەوە.

- لە ئاکامی خەباتی بەردەوام و چاونەترسانەی گەلانی زۆرلێکراوی ئێران و بەتایبەتی گەلی کورددا و بەهەوڵ وتێکۆشانی بەشێک لە چالاکانی سیاسی و مەدەنیی کورد لە نێوخۆی وڵات، دوو کاندیدای ڕیفۆرمخواز سەرنجیان بۆلای مەسەلەی هەرەگرنگی کۆمەڵی ئێران واتە مەسەلەی بێ‌بەشیی گەلانی زۆرلێکراو ڕاکشاوەو بۆ یەکەم جار دوای یەکەمین دەورەی هەڵبژاردنی سەرۆک‌کۆماری هەرکام بەرنامەیەکیان بۆ جۆرێک چارەسەری ئەو مەسەلەیە خستۆتە بەرچاو. ئەمە جموجۆڵێکی لەنێو نەتەوە بەشخوراوەکانی ئێراندا وەڕێخستوە بۆ ئەوەی جۆرێکی دیکە چاو لە هەڵبژاردنی ئەم جارە بکەن، کە ئەمەش بەنۆرەی خۆی بۆتە مایەی نیگەرانی و دڵەخورپەی "ڕێبەر" ی ڕێژیم و داروودەستەکەی.

**ئێمە هیوادارین گەلانی بندەستی ئێران و بەتایبەتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، ململانێی هەڵبژاردن بکەنە مەیدانێک و دەرفەتێک بۆ هێنانەگۆڕو بەرەو پێشبردنی داخوازە ڕەوا نەتەوەیی و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی خۆیان. ئێمە باوەڕمان بە وشیاری و لێکدانەوەی هاونیشتمانە بەڕێزەکانمان هەیەو پێمان وایە دەتوانن ئەم جۆرە دەرفەتانە لە خزمەت ئامانج و ئاواتە لەمێژینەکانیاندا بقۆزنەوە.**

دەبێ بگوترێ ئەوەی لە بەرنامەی هەردوو کاندیدا بەتایبەتی میرحوسێن مووسەوی دا هاتوە زۆر کەمتر لە داخوازەکانی گەلی کوردو گەلانی زۆرلێکراوی دیکەی ئێرانەو بەهیچ جۆر ناگاتە ئەوماف وئازادییانە کە لە قانوونی نێونەتەوەییدا بۆ گەلان لەبەر چاو گیراون و گەلانی ئێران خەباتیان لەپێناودا دەکەن. بەڵام دیسانیش جێی خۆشحاڵییە کە خەباتی ئەو گەلانەو پێشکەوتنی بیروباوەڕی ئازادیخوازانە کارێکی کردوە کە مەسەلەی نەتەوایەتی و بیرکردنەوە لە دۆزینەوەی ڕێگا بۆ چارەسەرکردنی کەوتۆتە بەرنامەی کاندیداکانی هەڵبژاردنی سەرۆک‌کۆماری و وەک یەکێک لە مەسەلە گرنگەکانی دوارۆژی وڵات چاوی لێ کراوە.

ڕاستییەکی تاڵە کە پێکهاتەی دەسەڵات و پێوەندیی نێوان ئۆرگانە هەڵبژێراوەکان و دەسەڵاتەکانی بەرەوژوورتر لە قانوون، بارودۆخێکی لەئێراندا خوڵقاندوە کە شانسی بەڕێوەچوون و جێبەجێبوونی وادەو بەڵێنەکانی ئەوکاندیداتۆرانەش زۆر لەسەرێ نیە و پاوانخوازان دەتوانن بە کەڵک‌وەرگرتن لەو دەسەڵاتە بێ‌سنوورە کە خۆیان بۆخۆیان داناوە پێشی هەر جۆرە ئاڵوگۆڕێکی پۆزەتیف بگرن. بەوحاڵەش قبووڵی ڕاستییەکانی پێوەندیدار بە پێکهاتەی کۆمەڵی ئێران و بەڵێنی ڕاشکاوانەی هێندێک لە کاندیداکان بۆ گۆڕینی ئەم وەزعە وادەکا کە گەلانی زۆرلێکراوی ئێران و بەتایبەتی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد ئەمجارە بە جۆرێکی دیکە بڕواننە پڕۆسەی هەڵبژاردن.

مەهدی کەڕرووبی لە بەیاننامەی تایبەت بە" ژیاندنەوەی مافی کەمایەتییە قەومی و مەزهەبییەکان" دا ئەگەرچی لەجیاتی (ملت) ، وشەی (قوم) بەکار دێنێ، بە جۆرێک دان بە فرەچەشنیی ئەتنیکیی ئێراندا دەنێ و تەنانەت ئەو ڕاستییە دەدرکێنێ کە کەمایەتییە نەتەوەیی و مەزهەبییەکان زۆرایەتیی خەڵکی ئێران پێک دێنن. ئەو ئێران بەهی هەموو ئێرانییەکان دەزانێ و بەرتەسک کردنەوەی لەسەر تاقمێک یان قۆڵێکی تایبەتی بەگەورەترین زوڵم و هەڕەشە بۆ سەر یەکیەتی و هاوپێوەندیی ئێران دادەنێ. ناوبراو جۆراوجۆریی کۆمەڵی ئێران نەک بە هەڕەشەو مەترسی بەڵکوو بە دەرفەتێک بۆ پێشخستنی ئێران چاو لێ دەکا، ئەو قامک لەسەر زۆر لەو جیاوازییانە دادەنێ کە لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا دەرهەق بە گەلانی زۆرلێکراو بەکار براون و داوای دابەش‌کردنی دەسەڵات و دامەزراندنی پارلمانە ناوچەییەکان دەکا. سەرەنجام بەڵێنی جێبەجێ- کردنی ئەو ئەسڵانەی قانوونی بنەڕەتی دەدا کە پێوەندییان بە"قەومەکان و کەمایەتییە مەزهەبییەکان"ە وە هەیەو تائێستا پشت گوێ خراون. لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە چوونکە دەزانێ قانوونی بنەڕەتی بۆخۆی لە زۆر بارەوە کۆسپی سەر ڕێگەی ئاڵوگۆڕە، باس لە پێویستیی دەسکاری لەو قانوونەدا دێنێتە گۆڕێ.

ئەمانە هەموو ڕوانینی تازەو موسبەتن و پێویستە وەک هەن(نە زیاترو نە کەمتر) چاو لێ‌بکرێن و وەڵامی شیاویان پێ بدرێتەوەو لە گۆڕینی بەرەو باش و لە بنیاتنانی جۆرێکی نوێ لە ئیدارەو پێوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا کەڵکیان لێ وەربگیرێ. بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەوانەی لە سەرەوە باس کران، سەرکەوتنی بەرنامەیەکی ئەوتۆ سەرەڕای کەم و کووڕییەکانی و لەگەڵ ئەوەی خاوەنەکەی کاندیدای ئێمەو گەلەکەمان نییە، بە قازانجی گەلی کورد و گەلانی بندەستی دیکەی ئێرانە. ئێمە هیوادارین گەلانی بندەستی ئێران و بەتایبەتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، ململانێی هەڵبژاردن بکەنە مەیدانێک و دەرفەتێک بۆ هێنانەگۆڕو بەرەو پێشبردنی داخوازە ڕەوا نەتەوەیی و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی خۆیان. ئێمە باوەڕمان بە وشیاری و لێکدانەوەی هاونیشتمانە بەڕێزەکانمان هەیەو پێمان وایە دەتوانن ئەم جۆرە دەرفەتانە لە خزمەت ئامانج و ئاواتە لەمێژینەکانیاندا بقۆزنەوە.

بەباوەڕی ئێمە کەڵک وەرگرتنی ئاگایانە و سیاسیانەی گەلانی بەشخوراوی ئێران و بە تایبەتی نەتەوەی کورد لە م دەرفەتە دەتوانێ ئەم قازانجانەی لەپشت بن:

١- بە دۆست و دوژمن نیشان دەدەن کە ٣٠ ساڵ دژایەتیی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ داخوازەکانیان، نە تەنیا نەیتوانیوە ئەوان لە داواکردنی مافەکانیان سارد بکاتەوە، بەڵکوو ئەوان خاوەنی ئامانجن و هەرکات دەرفەتیان بۆ بڕەخسێ، بە ڕاشکاوی ویست و داخوازەکانیان دێننە گۆڕێ.

٢- ئێستا کە دەرەتانێک بۆ هەڵبژاردنی بەرنامەی کاندیداکان لە ئارادایەو هەرنەبێ لە هێندێکیاندا ئاوڕ لە بەشێکی داخوازە نەتەوەییەکانیان دراوەتەوە، هەم ئەم دەرفەتە بۆ دەربڕینی ویستەکانیان دەقۆزنەوەو هەمیش دەستیان ئاواڵە دەبێ بۆ ئەوەی لە دوارۆژدا فشار بۆ کاندیداکان بێنن تا وەفاداربوونی خۆیان بە بەڵێنەکانیان و جیددی بوون لە سەر بەجێگەیاندنی بەرنامەکانیان نیشان بدەن.

٣- وەختێک سیستمی ویلایەتی فەقیهی مافی هەڵبژاردنی ئازادی لێ زەوت کردوون و لەڕاستیدا تەنیا مافی هەڵنەبژاردنی پێ داون، دەتوانن ئەو مافە بۆ ڕەتکردنەوەی کاندیدای دڵخوازی"ولی فقیە" و خەبات بە دژی ویستەکانی بڕیاردەرانی ئەسلیی ئەو سیستمە بەکار بەرن. با ئەوەش بگوترێ کە هەوڵی یەکگرتووانەی خەڵک زۆر باش دەتوانێ ئیرادەی گۆڕان سەر بخات و ئێران بخاتە قۆناخێکی تازەوە. ئەزموونی دەورەی حەوتەمی هەڵبژاردنی سەرکۆماری و دەورەی شەشەمی هەڵبژاردنی مەجلیس، نموونەیەکی زیندووی ئەم ڕاستییەن.

٤- با بە هەمووڵایەک هەوڵ بدەین ئەم هەڵبژاردنە بکەینە سەرەتای پاشەکشە بە سەرەڕۆیی و ڕێگە بۆ پێکهێنانی گۆڕان لە کەش و هەوای سیاسیی وڵاتدا خۆش بکەین و بیکەینە سەکۆیەک بۆ هەڵێنانەوەی هەنگاوی گەورەترو کاریگەرتر.

دەفتەری سیاسیی | مەجلیسی گشتیی
حیزبی دێموکراتی کوردستان، | پارتی ئازادیی کوردستان

١٣٨٨/٣/٩

٢٠٠٩/٥/٣٠

### پەسەندکراوی کۆمیتەی ناوەندی

# لە بارەی پێویستیی هەبوونی پێوەندیی سالم و دۆستانە و هاوکاریو هاوخەباتی لە نێوان حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا

**هاونیشتمانانی بەڕێز!**
**خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!**
**هێزو لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان!**

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆبوونەوەی خۆی دا کە لە ڕۆژانی ٢٣تا٢٥ی بانەمەڕی ١٣٨٨دا پێك هات ، لە بارەی پێویستیی هەبوونی پێوەندیی سالمو دۆستانەو هاوکاریو هاوخەباتی لە نێوان حیزبو ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا، پاش هەڵسەنگاندنێکی وردو هەمەلایەنەی ئەم مەسەلەیە، ئەم بەڵگەنامەیەی پەسند کرد.

لەم چەند ساڵەی دوایی دا حیزبو ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ئاڵۆزیو قەیرانێکی نێوخۆییدا تێپەڕین. ئەگەر لە رابردوو دا حیزبو ڕێکخراوەکان کێشەو ناکۆکیان لەگەڵ یەکتردا هەبوو، لەم چەند ساڵەی دوایی دا ئەو کێشانە لە نیوخۆی حیزبو ڕێکخراوەکانیش دا سەریان هەڵ داو سەرەنجام بوون بە هۆی لەتبوونو لێك دابڕان لە نێوخۆی ئەوان دا. لە ئاکامی ئەم لەتبوونو لێك دابڕانانە دا ئەمڕۆ چەندین حیزبو ڕێکخراوی سیاسی لە مەیدانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا حوزووریان هەیە.

ئەگەر لە رابردوو دا حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە داخەوە قەت نەیان توانی لە دەوری یەك کۆببنەوەو لە چوارچێوەی ئیئتیلافێك، بەرەیەك یان هەر جۆرە یەکگرتنێکی دیکە دا پێکەوە هاوکاری بکەن، ئەمڕۆ لە ئاکامی ئەو لەتبوون و لێك دابڕانانە دا پێوەندییەکان ئاڵۆزتریش بوون. بە چەشنێك کە کۆسپو تەگەرەی خستۆتە سەر ڕێگەی هاوکاریو یەکگرتن کە پێویستییەکی مێژووییە. بە سەرنجدان بە گرنگیی پێویستیی هاوکاری و هاوخەباتی لە نێوان هێزە سیاسییە خەباتگێڕەکان داو، وەك وڵامدانەوەیەك بە داواو چاوەڕوانیی خەڵکی دلسۆز و ئازادیخوازی کوردستان لەم پێوەندییە دا، کۆمیتە ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، روانگە و هەڵوێستی خۆی لەم بارەیەوە بەم جۆرە دەخاتە روو:

**هاوکاریو هاوخەباتی لە نێوان حیزبو ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان:**

حیزبی دێموکراتی کوردستان لەمێژە لە سەر پێوستیی هاوکاریو هاوخەباتی لە نێوان حیزبو ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا پێی داگرتوەو، لەم پێوەندییە دا لە هیچ هەوڵو تێکۆشانێك درێغی نەکردوە. کۆمیتەی ناوەندی جارێکی دیکە پێ لەسەر ئەو هەوڵانە دادەگرێتەوەو، لەسەر ئەو باوەڕەیە کە نەبوونی هاوکاریو هاوخەباتیو پێوەندیی سالّم لە نیوان حیزبو ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا زەرەرو زیانێکی زۆری بە بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەیاندوەو درێژە کێشانی ئەم وەزعە هەڕەشە لە داهاتووی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو پێوەندیی نێوان حیزبو ڕێکخراوەکانی دەکا.

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوونی چەندین حیزبو ڕێکخراو لە مەیدانی سیاسیو تێکۆشان دا بە شتێکی ئاسایی دەزانێ و، فرەحیزبی وەك دیاردەیەکی دێموکراتیك چاولێ دەکا. بەڵام نەبوونی پێوەندیی سالّمو هاوکاریو هاوخەباتی لە نێوان ئەو حیزبو ڕێکخراوانە دا بە زیانی جوولانەوەی کوردلە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وبە مەترسییەك بۆ سەر پێوەندیی ئەو حیزبو ڕێکخراوانە لە داهاتوودا دەزانێ.

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر ئەو باوەڕەیە کە زۆر خاڵی هاوبەش لە نێوان هێزو لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەن کە ئەوان دەتوانن ببنە بناغەی ڕێککەوتن و بەبێ خستنە پەراوێزی هیچ لایەنێك بیانکەن بە بنەمای ڕێککەوتنێکی هەمە لایەنە. باوەڕ بە خەبات و تێکۆشان دژی دیکتاتۆری و سیاسەت و کردەوە و رەفتاری زۆردارانەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە شکڵ و شێوەی جۆراوجۆردا ، خەبات لە پێناوی دێموکراسی، مافی مرۆڤ، مافی نەتەوەیی، مافی ژنان، مافە مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکان و زۆر باوەڕ و روانینی وەکیەك لە بارەی پرسە جۆراوجۆرەکان لە نێوان حیزب و ڕێکخراو و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، دەکرێ و پێویستە بناغەی ڕێککەوتن و یەکگرتن و کارو خەباتی هاوبەشیان لەسەر دابڕێژرێ، بەو مەرجەی هەموو لا بەرژەوەندی گشتی و نەتەوەیی بخەنە پێش قازانج و بەرژەوەندی ڕێکخراوەییەوە.

لەم پێوەندییە دا حیزبی دێموکراتی کورستان بۆ دانیشتن و دیالۆگ لە سەر پرسی هاوکاری و هاوخەباتی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی نێو مەیدانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، هیچ مەرجێك دانانێ و، دانانی مەرج بۆ دانیشتن و دیالۆگ بە کۆسپی سەر ڕێگەی پێکهێنانی هاوکاریو هاوخەباتی یان هەرجۆرە یەکیەتییەك لە نێوان حیزبو ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەزانێ. کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، وەك سەرەتایەك بۆ نواندنی هاوهەڵوێستی و نیشاندانی یەکگرتوویی پێشنیار دەکا ٣٠ ساڵەی ڕاگەیاندنی شەڕ لە دژی خەڵکی کوردستان لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە، بکرێ بە دەرفەتێك بۆ هاوهەڵوێستیو کاری هاوبەش لەنێوان حیزبو ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا. حیزبی ئێمە لە یەك ساڵی ڕابردوودا پێشنیاری کۆمەڵێك لەو بۆنەو بیرەوەرییانەی وەك دەرفەتیك بۆ هاوهەڵوێستیو کاری هاوبەش، لە دیدارو چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا هێناوەتە گۆڕێ. لەگەڵ ئەوەی ئەم بیرۆکەیە، پێشوازی لێ کراوەو بە شتێکی باش زانراوە، جێبەجێکردنەکەی لە کردەوەدا لەگەڵ گرفت بەرەو ڕوو بۆوە . ئێستا جارێکی دیکە ئەم پێشنیارە دەخەینەوە بەرسەرنجی هەمووان. با ٣٠ساڵەی دەرچوونی فەرمانی جیهاد دژی گەلی کورد بکەین بە دەرفەتێك بۆ نیشاندانی هاوهەڵوێستی و یەکگرتوویی خۆمانو لەم پێوەندییەدا لە ئاستی جۆراوجۆر دا کاری هاوبەش بکەین. ڕووبەڕوو بوونەوەی ئێمە حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ بۆنەو ڕووداوو ئاڵوگۆڕەکان بە یەك هەڵوێستو بە شێوەیەکی یەکدەنگو یەکگرتووانە، هەم ڕێگە بۆ هاوکاریو هاوخەباتیی زیاتر لە داهاتوو دا خۆش دەکاو، هەم کاریگەریی ڕێکخراوە سیاسییەکان لەسەر ڕووداوو ئاڵوگۆڕەکانی پێوەندیدار بە پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، چەند بەرابەر زیاتر دەکا.

**لە پێوەندی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا:**

لە دوای کۆنگرەی ١٤ی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە، ژمارەیەکی زۆر لە دۆستانی حیزب و دلسۆزانی جوولانەوە، لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە هەرێمی کوردستان و لە دەرەوەی ولات، پێوەندییان بە دەفتەری سیاسی، نوێنەرایەتییەکان و کەسایەتییەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە گرتوەو، داواو هەوڵیان ئەوە بووە لێك نزیك بوونەوەو پێوەندیی دۆستانە لە نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەبێ. لەم پێوەندییەدا ڕێزو سوپاس و پێزانینمان بۆ هەموو هەوڵێکی دلسۆزانەو یەکیەتیخوازانە دووپات دەکەینەوە. وەك وڵامدانەوەیەکی بەرپرسانەش بەم داوایە رادەگەیەنین:

لە روانگەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە لەتبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پاییزی ١٣٨٥ دا ڕووداوێکی تاڵو نەخوازراو بوو. لەو کاتەوە حیزبی دێموکراتی کوردستان پێی وا بووەو لەسەر ئەو هەڵوێستەی سوور بووە کە ئەگەر نەمان توانیوە لە چوارچێوەی حیزبێك دا پێکەوە بین دەکرێ لە دوو حیزب دا پێکەوە مودارا بکەینو هەڵسوکەوتێکی شارستانیانەمان لە پێوەندی لەگەڵ یەکتر دا هەبێ. حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر ئەو کات رای گەیاند کە پێویستە پێوەندییەکی دۆستانەمان لەگەڵ هاوڕێیانی پێشوومان داهەبێو ئامادەی هاوکاریو تەنانەت هاوخەباتی و هاوپەیمانی لە چوارچێوەیەکی گەورەتر لە داهاتوو داین.

کۆمیتەی ناوەندی ئێستاش لەسەر ئەو باوەڕەیە ئەو هەوڵانەی لە رابردوودا حیزبی دێموکراتی کوردستان داونی بەجێو کاریگەر بوون، بەڵام دەبێ لە داهاتوو دا هەوڵەکان بۆ پێکهێنانی پێوەندییەکی سالمو دۆستانەو هاوکاریو هاوخەباتی لەگەڵ هاورێیانی پێشوومان دا زیاتر و جیددیتر بکەین. کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە لەبەرچاو گرتنی مێژووی هاوبەش، بەرنامەو سیاسەتی لە زۆر بوار دا لێك نزیك ، سەمبولو هێمای هاوبەش لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، پێکهێنانی پێوەندییەکی ئەوتۆ لەگەڵ ئەو حیزبە لە پێش هەر حیزبێکی دیکە دا بە پێویست دەزانێ. کۆمیتەی ناوەندی ، وێڕای دووپاتکردنەوەی ئامادەیی رێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ دانیشتن و دیالۆگ لە نێوان رێبەریی هەر دوو حیزب بۆ ئاسایکردنەوەی پێوەندی و بیرو راگوڕینەوە لە سەر پرسە هاوبەش و پێوەندیدارەکان، بۆ دەسپێکی ئەو فەسڵە لە پێوەندیی نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هاوکاریو هەماهەنگی لە بەڕێوەبردنی بۆنەو یادە مێژووییەکان کە لە نێوان هەردوو لا دا هاوبەشن، بە شتێکی شیاوو گونجاو دەزانێ. ٢٠ ساڵەی شەهادەتی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملووو، کاری جۆراوجۆر لە کوردستانو دەرەوەی وڵات لەم پێوەندییەدا، دەتوانێ سەرەتایەك بۆ هاوکاری و هاوهەنگاوی لەنێوان سەرجەم درێژەدەرانی ڕێگەی ئەو ڕێبەرە شەهیدە لەنێو هەردوو حیزب دا بێ.

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە بەر ڕووناکایی نێوەرۆکی ئەم پەسندکراوە و، بریارو راسپاردەکانی کۆنگرەی ١٤ی حیزب ، چالاکانەتر لە پێشوو کار بۆ پێکهاتنی پێوەندیی سالمو دۆستانەو هاوکاریو هاوخەباتی لە نێوان حیزبو ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا دەکاو، هیواداره ڕێکخراوو لایەنەکانی دیکەش هەر بەو گیانەوە بەرەورووی بانگەوازی حیزبی دێموکراتی کوردستان ببنەوە.

**کۆمیتەی ناوەندیی**
**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**کۆبوونەوەی ٢٣ تا ٢٥ی**
**بانەمەڕی ١٣٨٨ی هەتاوی**
**١٣ تا ١٥ی مای ٢٠٠٩ی زایینی**

**نەبوونی هاوکاریو هاوخەباتیو پێوەندیی سالّم لە نیوان حیزبو ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا زەرەرو زیانێکی زۆری بە بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەیاندوە**

### پەیامی ناوەندی منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

# بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی منداڵانەوە!

منداڵانی خۆشەویست!
دایك وباوکانی خۆشەویست و میوانە بەڕێزەکان!

ئەمڕۆکە بە بۆنەی ١ی ژوئەن، ڕۆژی جیهانیی منداڵانەوە لێرە لەدەوری یەك کۆبووینەتەوە، هەربەم بۆنەشەوە پیرۆزباییەکی گەرم پێشکێشی هەموو منداڵانی کوردستان و منداڵانی بەشدار لە جێژنەکەماندا دەکەین.

لەگەڵ ئەوەی ئەمڕۆکە هەموومان بەگەشی و خۆشییەوە لێرە کۆبووینەتەوە تا وێڕای ڕێزگرتن لە منداڵان و مافەکانیان خۆشمان بە شەریك و هاوبەشی شادی و دڵخۆشییەکانیان بزانین و لەگەڵ ئەوەشدا کە هیچ پێم خۆش نیە بۆساتیکیش و بە هەر بیانوویەك بزەی شیرینی سەرلێوە ناسکەکانی ئەومنداڵانە کاڵەو بێ و ناسکیی خەیاڵ و بیرکردنەوەیان چرژی تێ کەوێ، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە ئەمڕۆ و لەڕۆژی تایبەتی و جیهاینی منداڵاندا جێی خۆیەتی کە هەر لە پێوەندی لەگەڵ بارودۆخی ژیانی منداڵانی ئێران، کە منداڵانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بەشێك لەو حەشیمەتەن، چەند ڕاستییەك و چەند دیمەنێکی تاڵ بخەینە بەر چاوو باسێکیان لێ بکەین.

ئەمڕۆکە منداڵانی بەختەوەرو ماف پارێزراوی جیهان لەکاتێك دا ڕۆژی تایبەت بە خۆیان کردۆتە جێژن کە بەشی هەرە زۆری منداڵانی ئێران، بەتایبەت منداڵانی نیشتمانە خۆشەویستەکەمان کوردستان، هەرناشزانن ڕۆژێك بەو ناوەوە لە ڕۆژژمێرەکان دا هەیە، یان ئەگەر بشزانن لە ژێر تەوژمی تاڵی و


عەلی بداغی



دژوارییەکانی ژیانی تاقەت پڕووکێنی خێزانەکانیان دا تەنیا هەناسەی حەسرەتی و بەش مەینەتی بۆ هەڵ دەکێشن.

منداڵان لە هەموو کۆمەڵگە ئینسانییەکاندا بە سەرمایە پڕ بایەخەکانی کۆمەڵگەدا دەنرێن و وێڕای پاراستنی ماف و کەسێتییان بۆ بەڕێوەبەریی داهاتووی کۆمەڵگەش پەروەردە دەکرێن، بەڵام منداڵانی کوردو سەرجەم منداڵانی ئێرانی بندەستی کۆماری ئیسلامی لەو ژینگەیەو لە ژیان لەو جۆرە کەش و بوارە دا بێبەشن. ئەگەر لە وڵاتانی پێگەیشتووو دێموکراتیکی دنیادا قانوونەکان و بەها کلتوورییەکانی کۆمەڵگە خزمەت بە پەروەردەو گەشەو هەڵدان و پارێزراو بوونی مافی منداڵان دەکەن و گرەنتییشیان دەکەن، بەڵام لە ئێراندا ئەوە قانوونەکانن کە ژیانێکی تاڵ و کۆڵەمەرگییان بە سەر منداڵان دا سەپاندوەو بەپلەیەك نزمتریش ئەوە بەشێکی زور لە نۆرم و هەڵسوکەوتە کلتووری کۆمەڵایەتییەکانە بزەی لە سەر لێوی منداڵان تاراندوەو ئەوانی لە گەشەو نەشە خستوە. ئەمڕۆکە منداڵانی کۆمەڵگەی ئێمە قوربانییانی سەرەکیی دیاردەکانی وەك هەژاری و بێکاریی سەرپەرستەکانیانن.
ئەمڕۆکە شەقامەکان پڕن لەو منداڵانەی بۆ پەیداکردنی پاروەنانێك بۆ خۆیان یا خێزانەکەیان خەریکی دەستگێڕی و کاری جەستەیی قورس لە کارگەو کار خانەکانن.
ئەمڕۆکە هەزاران منداڵ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەهۆی هەژاری و دەسکورتی بنەماڵەکانیان لە خوێندن بێبەش یان بەنیوەچڵیو لەرووی ناچارییەوە واز لە خوێندن دێنن. ئەمڕۆکە بەهەزاران منداڵ بە هۆی تاوانکارییەوە لە گرتووخانەکان دا تەمەنی منداڵییان تێپەر دەکەن و تێشیان دا زۆرن ئەو منداڵانەی چاوەڕوانن تا بەگەیشتنیان بەتەمەنی ١٨ساڵی بەپەتی سێدارەوە هەڵواسرێن. توندوتیژی دژی منداڵانیش لەجێی خۆی کە ریشەی لە کلتووری کۆمەڵگەدا داکوتاوەو بەهەموو شێوەکانییەوە لە سەرمنداڵان بەڕێوەدەچێ و بەرپرسیارەتیی هەموو ئەو بەشمەینەتییانە، وەبەرکارنان و پێشیل کردنانەی مافی منداڵان و دابڕاندنیان لە دنیای شادو بێگەردو شیاوی کەسێتییان لە ئەستۆی گەورەکان دایە.
ئەمڕۆکە خەمی قورسی ئێمە رەوشی نالەباری منداڵانی کوردی نیشتمانەکەمانە کە لە چاو منداڵانی شوێنەکانی دیکەی ئێران بە چەندقات دەچەوسێنەوەو دەپڕووکێنەوە. ئەو منداڵانەی کە تەنانەت لە خوێندن بە زمانی دایکییان بێبەشن و هەژاری و دەستەنگیی بنەماڵەکانیان بەرپرسیارەتیی دەسخستنی بژیوی خێزانی خستۆتە ئەستۆی ئەوانیش و ناچاری کردوون لەمووچە و باخ و مەزراکان دا، لەشەقام و کارگە بچووك و کورەخانەکاندا، بە دەسگێڕی و کۆڵبەری و پشت چەمانەوە لە سەر دار تەونەکاندا خەمی دایکان و باوکان و گەورەکانی خۆیان لەکۆڵ نێن و بەجێی حەسانەوەو ئاسایش و خۆش بژیوی و کات بە سەر بردن بە کایەو وەرزش و خۆشی، ناسکیی لەش و بێگەردیی خۆیان و خەونەکانیان هەرزان فرۆش بکەن. خەمی ئێمە بۆ ئەو منداڵانەیە شوناس و پێناسی نەتەوەییان لە ژێرناوی بەناو پەروەردەدا لێ دەستێننەوەو خەستەگریانیشمان بۆ ئەو پەپولانەیە بەهیوای کایەو قوماری منداڵانەیان راکەراکە تەنیا چەند بستێك لە گوندەکانیان دوور دەکەونەوە، بەڵام شریخەی مینە بێ بەزەییەکان مەرگەسات دەخاتە بەزمی قاقاو پێکەنینیان و شین و شەپۆر داوێتە کۆشی خێزانەکانیان.

بەڕێزان! منداڵە چاوگەشەکان!

بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسم و وەڕێ خستنی کارنەڤاڵی خۆشی و شادی لە ڕۆژی ١ی ژوئەن، ڕۆژی جیهانیی منداڵان دا تەنیا بەشێك لەو کارانەیەکە ئێمە دەبێ بۆ منداڵانی بکەین. بەڵام بەشی سەرەکیی و گرینگی ئەرکی ئێمە لەو پێناوەدا دەربڕینی ناڕەزایەتی و گۆڕینی ئەو وەزعەیە کە ئەو ژیانە تاڵەی بەسەر منداڵان دا سەپاندوە. ئێمە خوازیاری ئەوەین کە منداڵانی کوردو هەموو منداڵانی بەشمەینەت و بەشخوراوی جیهان، ژیانی شیاوی کەسێتیی ئینسانیی خۆیان هەبێ، ڕێزیان لێ بگیرێ، ئاسایش و ئەمنییەتیان هەبێ، ژیانی خۆش بژیوو و بێ کار کردن و چەوسانەوەیان هەبێ: ئیمکاناتی خوێندن و دەواو دەرمان و پەروەردەی بێ بەرانبەریان بۆ دابین بکرسێ.

بە هیوای گۆڕان لە ژیانی منداڵان و بەقازانجی ئەوان و ئێوەش منداڵانی بەشدار لەو جێژنە دا هەر شادو لێو بەبزەو رووگەش بن.

**ناوەندی منداڵپارێزیی**

**ڕۆژهەڵاتی کوردستان**

**۲۰۰۹/٦/۱**

---

### پەیامی سەرەخۆشی بە بۆنەی

## کۆچی دوایی هونەرمەندی گەورە، قالەمەڕەی شمشاڵژەنەوە



**خەڵکی قەدر زانی کوردستان!**

**بنەماڵەی هونەرمەندی نەمر قالەمەڕە!**

لە دەستپێکی مانگی جۆزەردانی ئەمساڵدا، هونەرمەندی گەورە، قادر عەبدوڵلازادە، ئەو شمشاڵژەنەی خۆشەویستی وردو درشتی نیشتمانەکەمان بوو، ماڵاوایی یەکجاریی لێ کردین. هونەر مەند قالەمەڕە، ئەو مرۆڤە نیشتمانپەروەرو مرۆڤدۆستە بوو کە بەدرێژایی تەمەنی خۆی، ئەوینی کوردستانی جوانو، خەمی نەتەوە بندەستەکەی تێکەڵ بە هەناسەی ئاگرینی خۆی و، فۆلکلۆری نەتەوەکەی کردو، بە پەنجەی هونەرخوڵقێن و بە ناڵەی بەسۆزو بڵاوێنی شمشاڵەکەی، کردنی بە "بانگی ئازادی"و "گوڕووی یەکسانی"ی تاك تاکی نەتەوەکەیو، بە گوێی جیهانی گەیاندن.

مامە قالە، هەر لە بنەماڵەکەیو خەڵکی شاری بۆکان نەمرد، قالەمەڕە هی سەرانسەری کوردستان، هی هەموو نەتەوەی کورد بوو. لەمەش زیاتر مامە قالە لە هونەرو جوانیو مرۆڤایەتی مرد. حیزبی دێموکراتی کوردستانو بزووتنەوەی نەتەوەییو ئازادیخوازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش کە قالەمەڕەی شمشاڵژەن، خۆیو شمشاڵەکەی، ببوون بە سەفیرو پەیامبەریان، کوچی دوایی ئەو هونەرمەندە مەزنە، بە خەسارێك بۆ خۆیان دەزانن.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لەدەستدانی قالەمەڕە بە خەسارێکی نەتەوەیی دەزانێو، بە بۆنەی کۆچی دوایی ئەو هونەرمەندە بەرزو خۆشەویستە، هاودەردیی قووڵی خۆی بە بنەماڵەکەی، خەڵکی شاری بۆکانو تێکڕای ئۆگرانو خۆشەویستانی مامەقالە لە کوردستانو دەرەوەی وڵات رادەگەیەنێ. ڕێزو پێزانینو سوپاسی بێ پایانیشمان بۆ ئەو خەڵکە قەدرزانو ئەمەگناسەی لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە، خۆیان گەیاندە شاری بۆکانو، تەرمی قالەمەڕەیان بەو جۆرەی شیاوی هونەرمەندێکی مەزنو نەتەوەیەکی بە فەرهەنگو تێگەیشتوویە، بە خاك سپارد.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**

**کۆمیسیۆنی ڕاگەیاندن**

**۲ی جۆزەردانی ۱۳۸۸**

---

درێژەی:

## ستەم و جیاوازیدانانی نەتەوەیی و ئایینی، هۆیەکی سەرەکیی قەیرانەکان

هەر وەك ئەمجاریش لە پێوەندی لەگەڵ ڕووداوەکانی زاهیدان دا دیتمان، دەسەڵاتدارانی وڵات ئامادە نەبوون دان بە هۆی ڕاستەقینەی دووپاتبوونەوەی قەیرانە قەومی و ئایینیەکان دا بنێن و، وەك هەمیشە دەستی دەرەکییان بە هۆکاری ئاڵۆزی و نائارامییەکان ناوبردو، بە ئیعدام و حکوومەتی نیزامی، ڕووبەڕووی مەسەلەکە بوونەوە. بەڵام کێ هەیە نەزانێ هۆی ئەسڵیی هەڵگیرسانی ئەم جۆرە کارەساتانە، نەك لە دەرەوەی ئێران، بەڵکوو لە نێوخۆی ئێران و ڕاست لە نێو خودی ئەو سیستەمە دەسەڵاتدارەتییە دایە کە بەسەر ئێراندا زاڵە. کۆماری ئیسلامی بناغەکەی لەسەر ستەم و هەڵاواردنی نەتەوەیی، ئایینی و جینسی دامەزراوەو، هەموو ئەو کەسانەی ئەم ڕێژیمە بەڕێوە دەبەن و دەیپارێزن، لە "ڕێبەری نیزام"ەوە تا هەر مۆرەو قوڵە کاربەدەستێك لە دوورەدەسترین شارو گەندەکان، ئەگەر بە پێی قانوونەکان و پەسندکراوەکان و بڕیارو ڕاسپاردەکانی ئەو ڕێژیمە کار بکەن، کاریان بەڕێوەبردنی ستەم و جیاوازیدانان و سووکایەتی و بێحورمەتی لە دژی خەڵکی ئێران لە ژێر ناوی جۆراوجۆر دایە. هەر بۆیە لە هەر جێگەیەك کاسەی سەبری خەڵکی زۆرلێکراو پڕ بوو، پێش هەموو شوێنێك هەڵ دەکوتنە سەر دام و دەزگاکانی سەربەو سیستەمە دەسەڵاتدارەتییەو، تووڕەیی خۆیانی بەسەر دادەڕێژن.

هەر ئەم ڕاستییەشە وای کردوە، پرسی ستەم و جیاوازیدانانی نەتەوەیی و ئایینی لە ڕەوتی هەڵبژاردنی دەیەمین دەورەی سەرکۆماری دا زەق بێتەوەو، وەك بناغەیەك بۆ هەڵوێست گرتن و ڕووبەڕوو بوونەوەی خەڵك لەگەڵ ئەم هەڵبژاردنە، چاوی لێ دەکرێ.

# بزاڤی باکوور و هەڵکشانێکی جیددی

ن: حەسەن شێخانی

تەڤگەری ئازادیخوازیی باکووری کوردستان وەك رێکخستنی مۆدێرنی بەهێز، لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردوودا سەری هەڵدا. لەو سەردەمەدا تورکیە رووبەرووی کودێتایەکی سەربازی دەبێتەوەو فەزای سیاسیی ئەو وڵاتە بەرەو داخرانێکی زیاتر دەچێ کە بە گوێرەی فۆرمولی "ناوەند ـ کەنار" نەتەنیا هیچ چەشنە بۆشاییەکی هێزی دەوڵەتی ناوەندی لە کوردستاندا بوونی نەبوو بەڵکوو بەپێچەوانە ناوەندێکی بەهێزیش لە ئارادا بوو. بە دەربڕینێکی دیکە تەڤگەری باکوور لە هەلومەرجێکی سەخت و دژواردا سەری هەڵدا کە دەرەتانی بچووکترین چالاکیی سیاسی نەبوو. لە لایەکی دیکەشەوە ئەو تەڤگەرە لە سەرەتاوە بە وانە وەرگرتن لە شۆڕشەکانی پێشوو، ویستوویەتی بە ئامادەکاری و بە ئاوایەکی پلانمەند لە زۆربەی بوارەکاندا هەنگاو هەڵێنێتەوەو پشت بە ئیرادەو هێزی نەتەوەی کورد ببەستێ. بەم هۆیانە سەرەڕای ئەوە کە دەوڵەتی تورکیە نزیکەی ٣٠ ساڵە بە پاڵپشتی هێزەکانی ناتۆو ئەمریکاو ئوورووپا و هێزەکانی ناوچەکە هەوڵی تێك شکاندنی شۆڕشی گەلی کورد لە باکوور دەدا بەڵام نەك نەیتوانیوە ئەم شۆڕشە تێکبشکێنێ بەڵکوو نەیتوانیوە زیانێکی زۆریشی لێ بدا، بە پێچەوانە بزاڤی باکوور هەنووکە لە هەر کاتێکی دیکە بەهێزتر خۆی دەنوێنێ و رۆژ لە دوای رۆژ لە هەڵکشان دایە.

> **مرۆڤە خەباتگێڕەکان چاوەڕوانی ئامادەبوونی هەلومەرجەکان بە گوێرەی دڵخوازیان نین تا پاشان دەست بەکار بن بەڵکوو بارودۆخی سەخت و دژوار لەبەرچاو دەگرن و لە رێگەی داهێنان و خۆفینانسەکردنەوە کەرەسەو پێداویستییەکان دەئافرێنن**

لەم وتارەدا هەوڵ دەدرێ دوایین پەرەسەندن و پێشڤەچوونەکانی بزاڤی باکووری وڵات و دینامیزەی ئەو بزاڤە لە چۆنیەتی دۆزینەوەی ئاڵترناتیڤ و رێگەچارەی گونجاو بۆ رووبەروو بوونەوە لەگەڵ هەلومەرج و پێشهاتەکان شرۆڤە بکرێ.

١ـ مرۆڤە خەباتگێڕەکان چاوەڕوانی ئامادەبوونی هەلومەرجەکان بە گوێرەی دڵخوازیان نین تا پاشان دەست بەکار بن، بەڵکوو بارودۆخی سەخت و دژوار لەبەرچاو دەگرن و لە رێگەی داهێنان و خۆفینانسەکردنەوە کەرەسەو پێداویستییەکان دەئافرێنن. ئەوان کۆڵنەدەرانە لە دژی هەلومەرجی ئارایی تێدەکۆشن و بۆ هێنانە ئارای رەوشێکی دڵخواز خەبات دەکەن. لەبەر رۆشنایی ئەم پرەنسیپەدا باڵی چەکداری بزاڤی باکوور، بە تایبەت لە بواری "ماددی"دا بە یارمەتیی وڵاتپارێزانی کورد خۆی فینانسە دەکاو لەم بوارەدا گرێدراوی هیچ هێزو دەوڵەتێکی بیانی نیە. لە سەر ئەم بنەمایەو لە ژێر تیشکی ئیستراتیژییەکی نەتەوەیی راگەیاندنێکی بەهێز هاتۆتە ئارا کە رۆڵێکی کاریگەری لە هوشیار کردنەوەو هاندانی خەڵك بۆ بەدەست هێنانی مافەکانیان هەیە. لەم دواییانەدا (هەر وەك جاران) دەوڵەتی تورکیە بە هاوکاریی هاوپەیمانەکانی هەوڵێکی زۆری خستە گەڕ تا لە رێگەی فشار هێنان بۆ دەوڵەتی دانیمارك، مۆڵەتی وەشانی تەلەفزیۆنی ROJ بەتاڵ بکاتەوە. بەڕێوەبەرانی ئەو تەلەفزیۆنە سەرەڕای هەوڵی یاسایی بۆ پووچەڵکردنەوەو شکست پێهێنانی ئامانجەکانی تورکیە، لە هەمان کاتدا رادەگەیەنن ئەگەر دەوڵەتی دانیمارك رێگە لە وەشانی تەلەفزیۆنی ROJ بگرێ ئەوان بێ ئاڵترناتیڤ نین و لە ماوەیەکی کەمدا تەلەفزیۆنێکی دیکە بە هەمان کەرەسە، نێوەرۆك و پێرسۆنێل دەخەنەگەڕ. بۆ نموونە هەر ئێستا کاناڵێکی دیکەی ئاسمانییان بە ناوی "STERK" بە شێوەی تێست وەڕێخستووە کە لە ئەگەری داخرانی ROJ TVدا دەتوانێ بۆشایی نەبوونی ROJ پڕ بکاتەوە. ئەمە نیشاندەری ئەوەیە کە بزاڤی باکوور بێئاڵترناتیڤ نیەو ئەگەر رێگەیەکی لێ بگرن رێگەی دیکە دەدۆزێتەوەو ئەمەش وایکردووە کە دەوڵەتی تورك لانی کەم لە هێندێك بواردا ناچار بە پاشەکشە بێ و دان بە پرسی کورد دابنێ و باس لە چارەسەری ئەم پرسەش بکا. پەخشی راستەوخۆی فستیڤاڵی چاندو هونەری ئامەد (کە لە رۆژانی رابردوودا بەڕێوەچوو) لە تەلەفزیۆنی ROJدا نیشانەی بەهێزیی بزاڤی باکوورو بەچۆك داهاتنی دەوڵەتی تورکیەیە.





٢ـ باڵی چەکداری بزاڤی باکوور بۆ بەڕێوە چوونی هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی ٢٩ی مارسی ٢٠٠٩ لە فەزایەکی ئارامدا، چەند مانگ پێش هەڵبژاردنەکان ئاگربڕی یەکلایەنەی راگەیاند. لە ژێر سایەی بڕیاری KCKدا سەرەڕای فێڵبازی و ساختەکاریی دەوڵەتی تورکیە، DTP توانی لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا سەرکەوتنێکی باش بەدەست بێنێ. ئەم مەسەلەیە نارەحەتی و تووڕەبوونی دەوڵەتی تورکی لێ کەوتەوەو بەم هۆیەش شەپۆلێکی بەرفراوانی گرتن و دستبەسەر کردنی بەڕێوەبەران و ئەندامانی DTPی دەست پێ کرد.

DTP لە یەك ـ دوو حەتووی رابردوودا چەندین میتینگ و رێپێوانی بە بەشداری دەیان هەزار کەس لە شارەکانی وان، ئیستانبوڵ، مێردین، سلۆپی و.... وەڕێ خست. بەشداران وێڕای شەرمەزار کردنی ئەو شەپۆلی گرتن و قۆڵبەست کردنانە، داوایان لە دەوڵەتی تورك دەکرد وەڵامی پۆزەتیڤی ئاگربڕی یەکلایەنەی KCK بداتەوەو بۆ چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد هەنگاو بنێ. "DTP بێ دەنگ مەکەن، چەکەکان بێ دەنگ بکەن" دروشمی سەرەکیی ئەو میتینگ و رێپێوانانە بوو. وتاربێژان بە وەرەبەرزی و بوێرییەکی زۆرەوە رایانگەیاند کە ئەگەر بەڕێوەبەرانی DTP بە تۆمەتی KCKیی بوون گیراون و دەستبەسەر کراون ئێمە هەموومان KCKین، هەموومان PKKین چونکە KCK و DTP نوێنەری ئیرادەی گەلی کوردن. ئەمە نیشاندەری ئەو راستییەیە کە بزاڤی باکوور تا ئاستێکی بەرچاو بەرەو پێش چووەو قۆناغی ترس و لەرزۆکیی تێپەڕاندووەو کوردەکانی ئەم پارچەیەی وڵات لە گەیشتن بە سەرکەوتن خاترجەم و دڵنیان.

پێ بەپێی بەڕێوەچوونی چالاکی و جموجۆڵەکانی نێوخۆیی، بەڕێوەبەرانی DTP گرنگیی فاکتەری نێونەتەوەیی بۆ چارەسەری پرسی کورد پشت گوێ ناخەن و لەم پێناوەدا بە ئەنجامدانی سەفەرگەلێکی دیپلۆماتیك بۆ ئوورووپاو دانیشتن لەگەڵ پارلمانتارانی پارتە جۆراوجۆرەکان دەیانەوێ یارمەتی ئەوانیش بۆ چارەسەری ئەم دۆزە رابکێشن و داوایان لێدەکەن لە رێگە دەوڵەتەکانیانەوە فشار بۆ سەر دەوڵەتی تورکیە بێنن تا مل بە داخوازییەکانی کورد بدا. هەروەها بەرپرسانی یەکیەتیی ئوورووپا ئاگادار دەکەنەوە کە KCK لە چەندین مانگ لەمەوبەر ئاگربڕی یەکلایەنەی راگەیاندووەو لە سەر چارەسەری دێموکراتیکی پرسی کورد پێدادەگرێ، بەڵام ئەوە دەوڵەتی تورکیەیە کە بە درێژەدان بە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان لە سەر بەردەوام کردنی شەڕ سوورەو لە کردەوەدا هەنگاوێکی جیددی بۆ چارەسەری ناوێژێ.

٣ـ باڵی چەکداری بزاڤی باکوور بە پێی توانا هەوڵ دەدا دەوڵەتی تورکیە ناچار بە چارەسەری پرسی کورد بکاو لەم پێناوەدا رادەگەیەنێ ئەگەر دەوڵەتی تورك لەگەڵ ئەوان دیالۆگ ناکا با DTP و هەڵبژاردنی کۆمەڵگەی کورد وەك بەردەنگ قبوول بکا. دانیشتنی سەرکۆمار، سەرۆك وەزیران و وەزیری دەرەوەی تورکیە و سەرۆکی CHP لەگەڵ هاوسەرۆکی DTP نیشاندەری ئەوەیە کە دەسەڵاتی ناوەندی تارادەیەکی زۆر ناچار بووە کە DTP وەك بەردەنگ قبوول بکا.

هەنووکە لە ئەنجامی خەباتی چەندین دەیەی کوردەکانی باکوور، چارەسەرکردنی پرسی کورد بۆتە بابەتی رۆژو زیاترین قسەی لەسەردەکرێ. لێدوانەکانی بەرپرسە باڵاکانی AKP و بەتایبەت عەبدوڵا گول سەبارەت بەوە کە پرسی کورد گەورەترین پرسی تورکیەیەو دەبێ چارەسەر بکرێ تابۆکانی نێو ئەدەبیاتی سیاسیی تورکیەی شکاندووە کە چەندین ساڵە قسەکردن لە سەر ئەو بابەتە وەك خیانەت لەقەڵەم دەدرا کە تورکیە بەرەو پارچە پارچە بوون دەبا. بەڵام لەم قۆناخەدا هەموو ئەمانە بوونیان نەماوە. بە وتەی جەمیل بایەك ئەندامی کۆنسەی بەڕێوەبەری KCK لە نێو جڤاك و دەسەڵاتی تورك دا دیتن و نزیکایەتیی جیاواز لەهەمبەر پرسی کورد هەن. هەرچەند ئەو بۆچوونەی کە باوەڕی بەچارەسەری دێموکراتیکی ئەو پرسە هەیە لاوازەو بۆچوونی زاڵ نییە بەڵام رۆژ لە دوای رۆژ پێش دەکەوێ و شیمانە دەکرێ لە داها توودا بێتە ژێدەری پلانێك بۆ چارەسەرکردنی ئەوەی کە خۆیان بەکێشەی کورد ناوی دەبەن.

٤ـ ئەزموونی لانی کەم ئەم چەند ساڵەی دوایی دەری دەخا کە هەبوونی هێزەکانی پاراستنی گەل لە چیاکانی کوردستان بوێرییەکی زۆر بە چالاکانی بیاڤی لێگاڵ دەبەخشێ و ئەوان بە پشتگەرمیی باڵی چەکدار لەسەر داواکارییەکانیان سوورن و تەنانەت هەر رۆژ رادیکاڵتر لە پێشوو لە مەیدانی خەباتدا چالاکی دەنوێنن. هەر ئەمەش وادەکا دەوڵەتی تورکیە بەپارێزی زیاترەوە نزیکایەتی (دژایەتی)ی باڵی لێگاڵی بزووتنەوە بکا. لە بەرانبەر دا متینگ و خۆپیشاندانەکانی باکوورو ئەو دروشمانەی دەدرێ وزەیەکی تازە بەدەمارەکانی باڵی چەکدار دەبەخشێ. بەم هۆیانە سەرەڕای هەموو زەختەکان KCK رادەگەیەنێ تاگەیشتن بە ئاشتییەکی سەقامگیرو جێگیربوونی مافە دێموکراتیکەکانی گەلی کورد لە قانوونی بنەڕەتیی تورکیە دا چەك دانانێن چونکە ئەوە بە واتای خۆ رادەست کردنەوە دێ و بەزیانی بزوتنەوەی کورد تەواو دەبێ.

**ئەنجام**

بەگوێرەی هەموو دەرکەوت و داتاکان بالانسی هێز بەقازانجی بزوتنەوەی باکوور لە گوڕان دایە. بەڵام بۆ بەرەوپێش چوونی هەرچی زیاتری پرسی کورد پێویستە باڵی چەکداری بزاڤیش گرنگی فاکتەری نێونەتەوەیی لە بەرچاوبگرێ و لەم بوارە دا هەنگاوی پێویست هەڵێنێتەوە. مزگێن ئامەد، جێگری بەڕێوەبەری کۆماجڤاکێن کوردستان لە وتوێژیکدا دەڵێ " ئێمە بە پشت بەستن بەگەلی خۆمان سی ساڵە تێ دەکۆشین، هەرئەوەشە ئەو خۆڕاگرییەی داوەتە گەریلاکانی PKK کە بتوانن بە ئیرادەی خۆیان دژی دوویەم هێزی ناتۆ بوەستنەوەو بەم ئاستە لە سەرکەوتنەی ئێستا بگەین" بەبڕوای مزگین ئامەد، کورد پێش وڵاتانی دیکە پێویستی بە یەکریزی هەیە و پیویستی بەوان نیە. بەپێچەوانەی بۆچوونی ناوبراو بزاڤی کوردستان بۆ گەیشتن بە سەرکەوتن پێویستی بەڕوانگەی لەباری فاکتەری نێونەتەوەیی هەیە. لەم نێوەدا ئەوەندەی کە دەگەڕێتەوە سەر PKK پێویستەکە دەستبەرداری دژایەتیی ئایدۆلوژیکی ئەمریکا، بریتانیاو ئیسرائیل بێ و بەتایبەت ئۆجەلان لە میانەی دیدارەکانی لەگەڵ پارێزەرانی دا ئەوەندە هێرش نەکاتە سەر دەوڵەتانی ناوبراو. بەپێی قسەی چاوەدێرانی سیاسی بەشێك لە دژایەتی ئەمریکا بەرانبەر PKK بۆ وابەستەبوونی ئەو حیزبە بەو فکرەیەوە دەگەڕێتەوە.

هەرچەند بریار بوو ئاگربڕی KCK رێکەوتی ١ی ژوئەن کۆتایی پێ بێ بەڵام لە سەر داوای عەبدوڵا ئۆجەلان و باڵی لێگاڵی بزووتنەوە، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە بەهەموو دنیا نیشان بدرێ کە کورد شەرخواز نیەو هەروەها دەرەتان و شانسێکی زیاتر بە دەوڵەت بدرێ تا بە هەڵەی خۆیدا بچێتەوەو بیر لە ریگەچارەی سڤیل و ئاشتییانەو دەستپێکردنی دیالۆگ بکاتەوە، ئەو ئاگربەستە تا ١٥ی تەباخ درێژ کرایەوە. بەوتەی جەمیل بایك ئەوەی پێوسیت بوو بە شەڕ چارەسەر بکرێ چارەسەرکراوەو بۆیە لە سەر چارەسەری دێموکراتیك و سیاسییانەی پرسی کورد پێ دادەگرن. شیمانەی بەهێز ئەوەیە کە فشاری رۆژ لە دوای رۆژ لە حاڵی پەرەسەندنی بزووتنەوەی ئازادیخوازیی کورد لە داهاتوودا جڤاك و دەسەڵاتی تورك ناچار بکا ئەو پەیامەی بایك وەرگرن و بەگوێری ئەمەش گۆڕانکاری لە خۆیاندا پێك بێنن.

پرۆفیسۆر دکتۆر جەبار قادر:

# هێزە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان زۆر بە مەسئوولیەتەوە جووڵانەوەو باری ناسکی باشووری کوردستانیان لەبەر چاو گرتووە

بەشی دووهەم و کۆتایی

دیمانە: مادح ئەحمەدی

**کوردستان: ئەگەر لە باکووری کوردستانەوە بگەڕێینەوە باشوور، زۆر جار گوێمان لەوە دەبێ کە کوردی هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستان پێویستە لە سەریان کە هاوکاری پاراستنی ئەزموونی هەرێمی باشووری کوردستان بکەن. بە باوەڕی جەنابتان ئەوان دەتوانن چ جۆرە هاوکارییەك بکەن و بە پێچەوانەکەشییەوە دەسەڵاتی باشووری کوردستان دەتوانێ چ هاوکارییەکی کوردی بەشەکانی دیکە بکا؟ چونکە جار جار هێندێك گلەیی و رەخنەی لە لایەن کوردەکانی بەشەکانی دیکەی لێ کەوتۆتەوە کە بە ناوی پاراستنی هەرێمی کوردستانەوە هێزو لایەنەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان چالاکی خۆیان راگرتووەو حکوومەتی هەرێمیش هاوکاری بزووتنەوەی کورد لە بەشەکانی دیکە ناکا؟**

**هێندێك جار دەبینرێ بۆ نموونە کاربەدەستانی وڵاتان دێنە ئێرەو پێشوازییەکی زۆریان لێ دەکرێ و زۆر بە شان و باڵیاندا هەڵدەدرێ، لە هەمان کاتدا ئەو وڵاتانە خەریکی بۆردومان کردنی کوردستانن**

**جەبار قادر:** راگرتنی ئەو هاوسەنگییە لە نێوان ئەوەی کە هێزە سیاسییەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان ئاگاداری باری ناسکی ئەم بەشەی کوردستان بن و لەبەر چاوی بگرن لە هەڵسوکەوتیاندا لە سیاسەت کردنیانداو لە نێوان ئەوەی کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان یان دەسەڵاتی کوردی لەم بەشەی کوردستاندا هیچ کارێکی وا نەکا کە زیان بەو هێزانە بگەیەنێ و بە دۆزی کورد لەو بەشانەی کوردستان بگەیەنێ. ئەم هاوسەنگی راگرتنە بە راستی بۆ کوردستانی عێراق، کارێکی زۆر ئاسان نیەو پێموایە کارێکی زۆر دژوارەو کارێکی زۆر زەحمەتە بۆ هەموو لایەنەکان. چ بۆ هێزە سیاسییەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان و چ بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان. بەڵام لە کۆتاییدا کۆمەڵێك مەرج هەیە کە دەتوانن هەموو لایەك پابەند بن پێی. خۆ ئێمە تەنیا نەتەوەیەك نین لەو بوارەدا کارمان کردبێ. ئەگەر نموونەیەکی زۆر نزیك بێنمەوە دەوڵەتێك هەیە بە ناوی دەوڵەتی ئازەربایجان، بەڵام بەشێکی گرنگیش هەیە لە ئێراندا بە ناوی ئازەربایجان، لەو حاڵەتەدا ئێمە هیچ شتێکی وامان گوێ لێ نابێ بۆ نموونە باس لەوە بکا کە بە هۆی هەبوونی ئەو گرووپەوە لە نێو ئێراندا پێوەندییەکانی دەوڵەتی ئازەربایجان و ئێران کێشەی زۆری تێکەوتبێ. هەڵبەتە لەوێدا رەنگە هێندێك شتی تایبەتی هەبێ کە لێرەدا جێگەی باس کردنی نیە کە کۆمەڵێك مەرج و شەرایەتی هەیە جیاوازە، بەڵام هێندێك جار دەبینرێ بۆ نموونە کاربەدەستانی وڵاتان دێنە ئێرەو پێشوازییەکی زۆریان لێ دەکرێ و زۆر بە شان و باڵیاندا هەڵدەدرێ، لە هەمان کاتدا ئەو وڵاتانە خەریکی بۆردومان کردنی کوردستانن. پێموایە ئەمەیان هێندێك زیادەیە. بۆ نموونە لەم رۆژانە پیشانگەیەکی ئێرانی کراوەتەوە، یانی هاتوە لێرە پارە پەیدا بکا، بەڵام ئەو کاربەدەستانەی ئێمە ئەوەندە بە شان و باڵیاندا هەڵ دەدەن، یانی وەکوو ئەوەی کە ئەو هاتبێ کارێکی زۆر گەورە بۆ تۆ بکا. پێموایە ناچێتە چوارچێوەی دیپلۆماسییەوە، ئەمە زیاتر لە کارێکی دیوەخان و میوانداری عەشایری دەچێ وەکوو ئەوەی لە بەینی دوو قەوارەی نێودەوڵەتییەدا بێ. لە بەر ئەوە پێموایە زیاتر ئەگەر کاربەدەستانی ئێمە هێندێك ئەو هاوسەنگییە رانەگرن زیاتر لە کاتی قسەکردن و پەسندانیاندا بۆ هێندێك کاربەدەستانی ئەو وڵاتانە یان هێندێك شتی تایبەتی پێوەندی تایبەتی لەگەڵ ئەو وڵاتانەیە. ئەگینا هیچ نەبێ لەو ساڵانەی دواییدا شتێکی وا نابینرێ، هەڵسوکەوتێکی وا نابینرێ کە زیان بگەیەنێ (چ لەو لاوە چ لە لایەنەکانی دیکەوە). پێموایە هێزە سیاسییەکانی



کوردستان بە تایبەتیش رۆژهەڵاتی کوردستان زۆر بە حەساسییەتەوەو بە هەست بە مەسئوولییەتەوە هەڵسووکەوتیان کردوە. لە ماوەی ئەو هەموو ساڵانەدا باری ناسکی باشووری کوردستانیان لە پێش چاو گرتووە. باس لەوە دەکرا کە هێزە سیاسییەکانی کوردستان هەموو کۆبنەوەو بیر بکەنەوە لەوەی کە ئیستراتیژییەکی وا دابنرێ کە بە تایبەتی ئەو هاوسەنگییە بپارێزرێ، تۆ چۆن ئەم ئەزموونە دەپارێزی و لە هەمان کاتدا هیچ زیانێك ناگەیەنی بە بەشەکانیتر، لە بەر ئەوە پێموایە هێشتا داخوازی بۆ بەستنی کۆنفرانسێکی وا قسەکردن لە سەر ئەو مەسەلەو دانانی کۆمەڵێك هێڵی سوور بۆ ئەوە هیچ لایەنێك دەربازی نەکا پێموایە کارێکی زۆر پێویستە بۆ هەموو لایەك .

**کوردستان: بۆ بەهێز کردنی یەکگرتوویی کورد زۆر گوێمان لەو پێشنیارە دەبێ کە کورد کۆنگرە یان کۆنفرانسی نەتەوەیی پێك بێنن و لە سەر مەسەلە ستراتیژییەکان رێککەوتن هەبێ و شتی لەم بابەتە. ئێوە پێتان وایە لەم قۆناغەدا تا چەند دەرفەت بۆ وەها کۆنگرەو کۆنفرانسێك هەیەو جیا لەوە بە راستی کورد بۆ بەهێز کردنی یەکگرتوویی ریزەکانی چ رێگەیەکی لە بەردەمدا هەیە؟**

**جەبار قادر:** پێموایە بەستنی کۆنفرانسێکی وا دوور لە دروشمی سیاسی و دوور لەوەی کە هەوڵ بدرێ یانی بخرێتە خزمەتی هێندێك سیاسەتی تایبەتی ئەم لایەن یا ئەو لایەن، ئەم گرووپ یا ئەو گرووپ، پێموایە ئەوە کارێکی زۆر پێویستە، هیچ نەبێ بۆ ئەوە چونکە یەکێك لە کێشە گەورەکان ئەوەیە ئەو رێکخراوە سیاسییانەی ئێمە هێندێکیان تەنانەت پێکەوە دانانیشن، هێندێکیان پێکەوە گفتگۆ ناکەن. لەبەر ئەوە گفتگۆ کردن دەربارەی وەزعی خۆیان دەربارەی ئەوەی کە چ باشترە بۆ هەموو لایەنێك، یانی بۆ خۆی هەنگاوێکی گرنگە، کۆبوونەوەی هەمووی ئەو هێزانە کە هێندێکیان ناکۆکییان لە نێواندا هەیەو هێندێکیان نێوانیان زۆر باش نیە، کۆبوونەوەیان پێکەوەو قسەکردنیان لە سەر مەسەلە گشتییەکان کە هەموویان دەگرێتەوەو قازانجەکانی و زیانەکانی بۆ هەموو لایەنێکە، پێموایە هەنگاوێکی باشە. رەنگبێ لێرەدا باسی سازکردنی رێکخراوەیەك وەکوو کۆنگرەی نەتەوەیی و شتی لە بابەتە لە ئارادا نەبێ، تەنیا ئەوەیە کە تۆ بتوانی کۆنفرانسێکی وا ببەستی و زۆر بە شەفافیەت و بە کراوەیی لە مەسەلەکان بکۆڵیتەوەو هەر کەسێك، هەر گرووپێك بیرو بۆچوونەکانی خۆی بێنێتە گۆڕێ. بۆ نموونە کوردەکانی رۆژهەڵات یا کوردەکانی باکوور زۆر زیاتر ئاگاداری باری خۆیانن تا وەکوو کوردێکی باشوور بێت هەڵسەنگاندنێك بۆ باری ئەوان بکا. رەنگ بێ ئەوان زیاتر ئاگاداری باری باشووربن چونکە لێرەدا شتەکان دیارترە، کراوەترەو خەڵك زۆری لێرە دەژی و شتەکان بە چاوی خۆی دەبینێ، بەڵام لە هەمان کاتدا هەموو لایەنێك دەتوانێ وەکوو دەڵێ بارەکەی خۆی زۆر بە باشتر روون بکاتەوە بۆ لایەنەکانی دیکە، مەترسییەکانی خۆی و داخوازییەکانی خۆی بخاتەروو ئەو شتانەی کە دەبێ لە پێش چاو بگیردرێ لە لایەنەکانی دیکەوە، بخاتە روو. ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە تێگەیشتنی باشتر بۆ باری یەکتر بۆ داخوازییەکانی یەکتر بۆ مەترسییەکانی یەکترو دەتوانێ رێگەیەك بێ، بەڵام دەبێ شێوازێکی وابێ کە کۆنفرانسێك نەبێ تەنیا کۆبێتەوەو هێندێك قسە بکرێ و بەیاننامە دەربکرێ، بەڵکوو دەبێ لێژنەیەکی لێ دروست بکرێ، ئەم لێژنەیە بە دواداچوون بکا، هەر کێشەیەك دروست بوو لەو کێشانە بکۆڵێتەوەو پێوەندی بکا بە لایەنە جیاوازەکانەوەو رێگەنەدرێ جارێکیتر خەڵك بڕواتەوە وەکوو دەڵێ سەر حاڵەتی "سفر". بەڵام بە هۆی ئەوەی کە ئەم بەشەی کوردستان گیرۆدەی کۆمەڵێك مەسەلە بووە لەم سەردەمەدا چ هەڵبژاردنە چ پێوەندییەکانە لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی، چ مەسەلەی ناوچەکانە ئەو ناوچانەی کە ناکۆکیان لەسەرە، لە بەر ئەوە پێموایە مەسەلەکە نەختێ چووەتە دواوەو ئەو گەرم و گوڕیەی کە پێش دوو سێ مانگ باسی لێوە دەکرا ئێستا بەو شێوە باسی لێ ناکرێ. ئەمیش لەوێوە دێ کە دابەشکردنی کارەکان نیە بۆ نموونە هەمان سەرکردایەتی کە خەریکی ئەو مەسەلانەیە دەبێ خەریکی ئەم مەسەلەش بێ، پێویستی بەوە هەیە کە لێژنەیەکی تایبەتی ئیشی بۆ بکاو یەکێك لە کێشە گەورەکانی سیاسی لەم وڵاتەی ئێمە ئەمەیە کە کارەکان بە باشی دابەش نەکراوە کە هەر لایەنێك هەر گرووپێك هەر دەزگایەك خەریکی کارەکانی خۆی بێ و کارەکانی دیکە بۆ لایەنەکانیتر بەجێ بهێڵێ. وەکوو وا دێتە پێش چاو زۆرجار هەمان لایەن بە تایبەتی لە سەر ئاستی زۆر سەرەوە دەبێ لە هەموو مەسەلەکان بکۆڵێتەوەو خەریکی هەموو پرسەکان بێ.

## پەنابەرانی رۆژهەڵاتی کوردستان داوای راگواستنیان بۆ وڵاتی سێهەم دەکەن

رۆژی ٢ی ژوئەنی ٢٠٠٩ی زایینی لە لایەن نوێنەرانی پەنابەرانی رۆژهەڵاتی کوردستان نیشتەجێ لە باشووری کوردستان و بە بەشداری بەشێکی بەرچاو لە پەنابەران، سمینارێك بە مەبەستی تاووتوێ کردنی کێشەو گرفتەکان و ویستی پەنابەران پێك هات.

سەرەتای ئەم سمینارە بە وتەکانی دوو نوێنەری هەڵبژێردراوی پەنابەران دەستی پێ کرد کە باسیان لە هەوڵەکانی خۆیان لەگەڵ کومیسیاریای پەنابەران لە یوئێن و لەگەڵ حکومەتی هەرێم کرد کە لە سەر سێ تەوەر دواون، ئەویش گەڕانەوەیان بۆ ئێران، یان باشترکردنی ژیانی پەنابەرانی نیشتەجێ لە باشووری کوردستان یان راگواستنیان بۆ وڵاتی سێهەم بووە.

نوێنەرانی پەنابەران باسیان لەوە کرد کە لەگەڵ یوئێن کێشەیان هەبووە لە سەر ئەوەی کە زۆربەی هەرە زۆری پەنابەران کێشەی سیاسییان هەیەو متمانە بە کۆماری ئیسلامی ناکرێ کە بگەڕێنەوە وڵاتەکەیان و ویستی پەنابەران راگوستنیانە بۆ وڵاتی سێهەم

بەشێکی دیکەی ئەم سمینارە بەشداری کردنی پەنابەران بوو بۆ لێدوان لە سەر کێشەو گرفتەکانیان کە زۆربەی هەرە زۆریان دژایەتیان لەگەڵ گەڕانەوەیان بۆ ئێران کرد و داوای راگواستن بۆ وڵاتی سێهەم یان باشترکردنی دۆخی ژیانیان کرد کە وەك هاووڵاتییەکی باشووری کوردستان مافی ژیانی و کار کردنیان هەبێ.

پەنابەران بە شێوەیەکی بەرچاو گلەیان لە سەر بارودۆخی ژیانی خۆیان وەك پەنابەر لە باشووری کوردستان هەبوو. جێگای باسە کە یەکێك لە بەشداربووانی سمینارەکە شێخ فەتاح جێگری بەرپرسی مەڵبەندی یەکی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان بوو کە لە وتەیەکی کورت دا پشتگیری خۆی و حکومەتی بۆ داواکاری پەنابەران راگەیاندو باسی لەوە کرد کە ئەوانیش دەنگی خۆیان دەخەنە پاڵ دەنگی پەنابەران بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان و تا ئەو جێگەیەی دەسەڵاتیان هەیە لە رێگەی دیپلۆماسیەوە لەگەڵ ناوەندەکانی بڕیارو لە رێگەی حکومەتەوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بۆ چارەسەری ئەو کێشەو گرفتانە هەوڵ دەدەن.

### هەڵبژاردن وەك دەرفەتێکی سیاسی

# کوردو هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ئێران

عەولا بەهرامی

هەڵبژاردن و بە تایبەت هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری لە ئێران دا بەو پێیە کە هەمیشە لە کەشێکی داخراوی سیاسی دا بەڕێوەچوون هیچ کات ئەو درفەتە نەبوون کە کورد بتوانێ تێیان دا بە قازانجی بەروو پێش بردنی ئامانجە سیاسیو نەتەوایەتییەکانی لەوان کەڵك وەرگرێ. جگە لەمە شەڕی حکوومەتی ناوەندی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی کوردو سەرکوتی سیستماتیکی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بۆتە هۆی ئەوەی ئۆپۆزیسیۆنی کورد زۆربەی هەڵبژاردنەکان بایکۆت بکەن یان ئەگەر بایکۆتیشی نەکەن لەواندا بە شوێن ئامانجێکی روونی سیاسییەوە نەبێ. کۆی ئەم هۆکارانە بوونەتە هۆی ئەوەی بەشداریی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەڵبژاردنەکانو بە تایبەت هەڵبژادنی سەرۆك کۆماری دا بە بەراورد لەگەڵ شوێنەکانی دیکە زۆر لە خوارەوە بێ. لە راستی دا ئەوەش بۆتە هۆی ئەوە کە دەورو سەنگی کورد لە هەڵبژاردنەکان دا دیار نەبێ یان لە باشترین حاڵەتدا بە قازانجی فلان یان فیسار کاندیدا کەڵکی ئامرازیی لێوەرگیرێ.

ئەوەی پێوەندی بە کوردو حیزبە سیاسییەکانەوە هەیە ئەوەیە کە، سیاسەتی بایکۆت کردنی هەڵبژاردنەکان لەلایەن حیزبو رێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە نەك هەر نەیتوانیوە دەسکەوتێکی سیاسیی هەبێ، بەڵکوو پێ بە پێی دوورکەوتنەوەی ئەو هێزانە لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستانو ئێران و بەم پێیەش راستییەکانی کۆمەڵگەو بە هۆی لاوازیی رێکخستنە جەماوەرییەکانی ئەم هێزانە کاریگەریی کەمترو لاوازتری هەبووە. بە چەشنێك کە بە تایبەت لە ١٢ ـ ١٠ ساڵی دوایی دا ئەو چەشنە بایکۆت کردنە کەمترین کاردانەوەی هەبووەو تەنانەت جاری واش بووە بێ ئاگایی تەواو لە راستییەکانی کۆمەڵگەی پێوە دیاربووە. بۆیە دەکرێ ئەم چەشنە بایکۆت کردنانە بە جۆرێك خۆتەریك خستنەوە لە گۆڕەپانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو ئێران لە قەڵەم بدرێ.

لایەنێکی نەرێنی ئەم چەشنە روانینە کلاسیکە ئەوە بووە کە ئۆپۆزیسیۆنی تاراوگەنشین بە چاوێکی گوماناوییەوە لە چالاکانی سیاسیی نێوخۆیی وڵات بڕوانێ و نەتوانێ تواناو پوتانسیەلی ئەوان بە قازانجی خەباتی جەماوەری و وەگەڕ خستنی بزاڤێکی بەرینی کۆمەڵایەتی و شوناسخوازانە کەڵك وەرگرێ.

ئەم راستییە تاڵەیە کە بەشێك لەم هێزانەی هێنایە سەر ئەم باوەڕە پێداچوونەوەیەك بە روانینەکانیان دا بکەنەوە. ئەگەر هەر ناچارن هەڵبژاردنەکان بایکوت بکەن دەبێ بە چەشنێك کاری بۆ بکەن کە لەودا سەنگی کورد دیار بێ، ئەگینا دەبێ سیاسەتێکی دیکە بگرنە بەر.

ئەم روانگە نوێیەی بەشێك لە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پێشەوەیان حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە خوێندنەوەیەکی قووڵو هەمەلایەنە لە راستییەکانی ئەمڕۆکەی کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو ئێرانو لە خەسارناسیی مێتۆدەکانی پێشووی خەباتەوە سەرچاوە دەگرێ، لە ماوەی چەند مانگی بەر لە هەڵبژاردنەکان دا توانیویەتی کاردانەوەی بەرچاوی لەسەر چالاکانی سیاسی و مەدەنیو کۆڕو کۆمەڵە سیاسیو مەدەنییەکانی کورد و تەنانەت لەسەر بەشێك لە کاندیداتۆرەکانی سەرکۆماریش هەبێ. بەچەشنێك هێندێك لە کاندیداتۆرەکانیش ئەگەر بە شێوەی تاکتیکیش بووە پرسی نەتەوەکان لە بەرنامەکانیان‌دا رەنگ بداتەوەو ددان بەو ستەمە هەمەلایەنانە دابنێن کە سی ساڵە دەرحەق نەتەوە بندەستەکانی نێو جوگرافیای ئێران پەیڕەو دەکرێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستان هەم لەم روانگەیەوە کە پێی وایە بزووتنەوەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێویستییەکی ژیانەکیی بە وەگەڕخستنی بزاڤە کۆمەڵایەتیو جەماوەری و مەدەنییەکان و گەڕانەوە بۆ نێو گەمە سیاسییەکان هەیە و هەم لەبەر ئەوە کە یەك دوو کاندیدای سەرکۆماری، هەرچەند بە لاوازیش بێ، باسیان لە مافە نەتەوایەتییەکانمان کردووەو بەتایبەتی تابۆی بڤەبوونی هێنانە گۆڕی پرسی ستەملێکراویی گەلانی ئێرانیان شکاندوە، پێویستە سیاسەتی بایکۆتی هەڵبژاردنی سەرکۆماری وەلا بنێ.

ئەوەش بە هیچ شێوەیەك وەك هێندێك لایەن کە لە گۆشەنیگای دونیای روانینە کۆنەکانیانەوە دەڕوانن، بەو واتایە نیە حیزبی دێموکراتی کوردستان سیاسەتی گشتیی سەبارەت بە کۆماری ئیسلامی گۆڕابێ، یان پێی وابێ لەم رژێمە دا هەڵبژاردنی ئازاد بەرێوە دەچێ، چونکە حیزبی دێموکراتی کوردستان بە پێی لێکدانەوەکانی خۆی و بە راوێژ لەگەڵ کەسایەتیو چالاکانی سیاسی و مەدەنیی نێوخۆی وڵاتو هەروەها گرووپو رێکخراوەکانی نێو گۆڕەپانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانبەوە ئاکامە گەیشتوە کە ئەگەرچی چاوەڕوان ناکرێ ئەم هەڵبژاردنە گۆڕانێکی سەیری لێ بکەوێتەوە، بەڵام لانیکەم دەکرێ لەم هەڵبژاردنە بۆ ئەم مەبەستانەی خوارەوە کەڵك وەرگیرێ:

١ـ دەکرێ ئەم هەڵبژاردنە بکرێتە دەرفەتێکی سیاسی بۆ هێنانەئارای داواکارییە سیاسیو نەتەوەییەکانی کوردو وەگەڕخستنی وزەو پوتانسیەلی سیاسی دەنگدەرانی کورد.

٢ـ ئامانجدارکردنی بەشداریو بەشداری نەکردنی کورد لە هەڵبژاردنەکان دا.

٣ـ دروست کردنی پردێك لە نێوان ئۆپۆزیسیونی تاراوگەنشینو چالاکانی سیاسی و مەدەنی و بەگشتی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا.

---

ئێجلال قەوامی:

# دووکەڵی تەحریم دەچێتە نێو چاوی چالاکانی نێوخۆ

دیمانە: مادێح ئەحمەدی



**ئاماژە: ئەم وتووێژەی "ئێجلال قەوامی"، وتەبێژی رێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤی کوردستان، لە دیدارێکی تایبەتدا لەگەڵ "کورد کاناڵ" بڵاوکرایەوە. "کوردستان" لەبەر گرنگی بابەتەکە بە پێویستی زانی ئەم وتووێژە دابەزێنێو بڵاوی بکاتەوە.**

**رێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤی کوردستان چۆن دەروانێتە هەڵبژاردنەکانی خولی دەیەمی سەرکۆماری ئێران و روانگە و لێکدانەوەکانی لەم پێوەندییەدا چییە؟**

ئێجلال قەوامی: هەروەك دەزانن ئێمە وەك رێکخراوێکی مەدەنی مافی مرۆڤ، لە پێوەندی لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی خولی دەیەمی سەرکۆماری ئێران هەڵوێستمان ئەوەیە کە داخوازییەکانی خۆمان کە پێوەندیی بە مافی هاونیشتمانی و مافی مرۆڤەوە هەیە، لەگەڵ پاڵێوراوەکانی پۆستی سەرکۆماری هێنایە گۆڕێ و رامانگەیاند. وەك ئاگادارن "رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان" لەگەڵ بەرەی یەکگرتووی کوردو یەکێتی دێموکراتیکی خوێندکارانی کورد لە زانکۆکانی ئێران دانیشتنێکمان لەگەڵ مەهدی کەڕووبی دا هەبوو. ئێمە وەك رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، تەنیا داخوازییەکانی خۆمان هێناوەتە گۆڕێ و ئەوەی کە پشتیوانی لە پاڵێوراوێکی تایبەت بکەین، ئەو کارە ناکەین، بەڵام ئەو داخوازییانەی خۆمان لە ١٢ مادەدا بە پاڵێوراوەکان راگەیاندووە. داخوازییەکانیش، هەڵوەشانەوەی سزای لە سێدارەدان لە ئێران، کەمایەتییەکان بە تایبەت کورد پۆستگەلێکی باڵای وەك وەزارەتەکان و بەڕێوەبەری گەورە (کەلان)ی وڵاتی پێ بدرێ، ئەو روانگە ئەمنییەتی و هەڵاواردنەی کە بۆ کەمایەتییەکان هەیە ( بەتایبەت بەرانبەر بە کورد) نەمێنێ و.... ئەم بابەتە لە چوارچێوەی ١٢ خاڵدا لەگەڵ مێهدی کەڕووبی هێنامانە گۆڕێ و ناوبراو پێشوازی کرد.

پاش ئەو دیدارە رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، بەرەی یەکگرتووی کوردو یەکێتی دێموکراتیکی خوێندکارانی کورد لەگەڵ مێهدی کەڕووبی هەموویان بەیاننامەی هەشت ماددەیی ناوبراو (کەڕووبی) لە پێوەندی لەگەڵ مافی کەمایەتییەکان بڵاو بووەوە.

**ئایا بە پێی ئەم قسانەی، رێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤی کوردستان، بەرەی یەکگرتووی کوردو یەکێتی دێموکراتیکی خوێندکارانی کورد پشتیوانی لە ئاغای کەڕووبی دەکەن؟**

ئێجلال قەوامی: هەروەك وتم وەك رێکخراوێك کە کار بۆ مافەکانی مرۆڤ دەکەین پشتیوانی لە هیچ پاڵێوراوێك ناکەین و تەنیا داخوازییەکانی خۆمان راگەیاندووە، بەڵام بەرەی یەکگرتووی کوردو یەکێتی دێموکراتیکی خوێندکارانی کورد لە بەیاننامەی رەسمیدا پشتیوانیان لە مەهدی کەڕووبی کردووەو بڕوایان وایە کە بەرنامەکانی کەڕووبی دەتوانێ بەشێك لە داخوازییەکانی کەمینەکان لە ناوخۆی ئێراندا دابین بکاو بەرنامەکانی مۆدێرن و گەشەخوازانەیە کە دەتوانێ ئەم فەزاو ئەم گوشارانەی کە بەتایبەت لە سەردەمی "ئەحمەدی نژاد"دا بۆ سەر کەمایەتییەکان بووە بشکێنێ و فەزایەکی باشتر بۆ چالاکانی مەدەنی و دابین کردنی ویستی کەمینەکان لە نێوخۆی ئێراندا پێك بێنێ.

**بە پێی ئەم قسانەی دەکرێ بڵێین کە ئەم هەڵبژاردنانە دەرفەتێکە بۆ ئەوەی کەمایەتییەکان بتوانن لانی کەم داخوازییەکانی خۆیان بێننە گۆڕێ؟**

ئێجلال قەوامی: پێویستە ئاماژە بەوە بکەم کە "دکتور عەبدولکەریم سروش" کە ماوەیەك لەمەوبەر پشتیوانی لە ئاغای کەڕووبی کرد باسی لە خاڵێکی جێ سەرنج کرد، ئەویش ئەوە بوو کە ئەگەر ئێمە دەنگ بە کەڕووبی دەدەین، دەنگ بە بەرنامەکانی کەڕووبی دەدەین کە بەرنامەکانی بەرنامەگەلێکی ئاوانگارد، پێشکەوتوو، مۆدێرن و گەشەخوازانەو مرۆڤ دۆستانەیە. چ لە بواری مافی کەمینەکان، مافی ژنان و چ لە بواری ئابووری و ... ئەوەیە کە لە راستیدا هاتنی کەڕووبی و ئەگەر کەڕووبی دەنگ بێنێتەوەو ببێ بە سەرکۆمار، لە راستیدا فەزایەك دەڕەخسێنێ کە ئێمە لەو فەزایەدا بتوانین کاری مەدەنی خۆمان بکەین و رۆژنامەکان گەشە بکەن و ئەو گوشارانەی کە لە ماوەی چوار ساڵی رابردوودا هەبوون نەمێنێ. بە قەولی پوپێر ئێمە دەمانەوێ "رەنجێك لە رەنجەکان کەم بکەینەوە" و فەزایەك پێك بێ بۆ چالاکی کە ئەو دۆخەی کە لە ماوەی چوار ساڵی رابردوودا بە نیسبەت چالاکانی بوارە جۆراوجۆرەکانەوە هەبوو، دووپات نەبێتەوەو کۆتایی پێ بێ.

**ئاغای قەوامی چون چاو لەو هەڵوێستانە دەکەن کە رێگای تەحریمیان بەرانبەر بەم هەڵبژاردنانە گرتووەتە بەر و داوا لە خەڵك دەکەن کە بەشداری نەکەن؟**

ئێجلال قەوامی: ئەگەر بێین ئانالیزی بکەینەوە دەبینین ئەو لایەنانەی کە ئێستا لە سەر ئەو باوڕەن کە دەبێ بەشداری چالاکانەیان هەبێ لەم هەڵبژاردنانەدا، لایەنگەلێکن کە لە دەوری پێشوودا ( هەڵبژاردنی خولی نۆیەم لە ساڵی ١٣٨٤دا) هەڵبژاردنیان تەحریم کردو نیشانیان دا کە کاریگەرو شوێن دانەرن. وەك "دەفتەری تەحکیم وەحدەت"، میللی مەزهەبییەکان، "نهچت ێزادی ایران" و هەروەها لە کوردستانی خۆمان زۆربەی چالاکانی سیاسی، مەدەنی، مافی مرۆڤ و ... هەڵبژاردنیان تەحریم کردو تەنانەت پاڵێوراوی ریفۆرمخوازان (مستەفا موعین) کە ئەو کات پێویست بوو کە تەحریم بکرێ، بەڵام ئێستا ئێمە لە سەر ئەو بڕوایەین کە تەحریم لە ماوەی چوار ساڵی رابردوودا نیشانی دا کە کارساز نییە. رێزم بۆ ئەو گرووپ و لایەنانە هەیە کە ئەم هەڵبژاردنانەیان تەحریم کردووە، بەڵام ئێستا زۆربەی روانگەکان ئەوەیە کە تەحریمی هەڵبژاردن، واتە ئەوەی کە لە فەزای نێوخۆی ئێران تێنەگەیشتوون و دەرکێکی دروستیان نییە.

لایەنی بناژۆخواز (ئوسولگەرا) ئەو یانگەرەکە کە هەڵبژاردن تەحریم بکرێ و بە بەشدارییەکی لانی کەمەوە، بێ گومان "ئەحمەدی نژاد" سەردەکەوێ بەڵام ئەگەر بەشداری خەڵك زۆر بێ، بە باوەڕی ئێمە ریفۆرمخوازان و لەو نێوانەدا بە تایبەت کەڕووبی سەردەکەوێ. بەو پێیە بەوە دەگەین کە چوار ساڵی رابردوو سەلماندوویەتی کە تەحریم کار ساز نییەو دەبێ لەم هەڵبژاردنانەدا بە شێوەیەکی چالاکانە بەشدار بین و تەحریم بە قازانجی نێوخۆو ئەو چالاکانەی کە لە بوارە جۆر بە جۆرەکاندا کار دەکەن نییە.

**بە پێی ئەم قسانەی جەنابت دەکرێ بڵێین بەشداری نەکردن و تەحریمی هەڵبژاردن، دەبێتە هۆی قازانجکردنی ئوسولگەراکان و لە راستیدا بە قازانجی ئەحمەدی نژاد تەواو دەبێ؟**

ئێجلال قەوامی: لە راستیدا، بەرەی بناژۆخواز، وەك لایەنی "ئەحمەدی نژاد" ئەوەیان پێخۆشە کە هەڵبژاردن تەحریم بکرێ، چون ئەوان سەرکەوتنیان لەو فەزایەدایە. پێیان خۆشە لایەن گەلێکی زۆر جیددی و چالاك کە لە نێوخو دان هەڵبژاردن تەحریم بکەن، چونکە لەو کاتەدا ئەگەری تەقەلوبیش زیاترە. ئەگەر خەڵك بەشدار نەبن ئەوان زۆر بە ئاسانی دەتوانن کەڵکی خۆیان وەربگرن و دووکەڵی تەحریم دەچێتە نێو چاوی تاك و کەسایەتی و لایەنگەلێك کە لە نێوخۆ چالاکن.

**بە باوەڕی ئێوە ئاکامی ئەم هەڵبژاردنانە دەبێتە هۆی گۆڕانێك لە ئێراندا؟**

ئێجلال قەوامی: ئەمەش بەستراوەتەوە بەوەی کە ئەگەر بەشداری خەڵك کەم بێ ئەوا ئەحمەدی نژاد سەر دەکەوێ. ئەگەر خەڵك زۆر بەشداری بکەن دوو پاڵێوراوی رێفۆرمخوازان ( مێهدی کەڕووبی و میر حوسێن مووسەوی) دێنە دەوری دوویەم و رەقابەتەکە لە نێوان ئەم دوانەدا دەبێ. بە باوەڕی من، هەر کام لەم دوو کاندیدا ئەگەر بێنە دەوری دوویەم، تەنانەت ئەگەر میر حوسێن مووسەوەی لەگەڵ ئەحمەدی نژادیش بێ، فەزاکە دەگۆڕدرێ. بەڵام ئەم گۆڕانە ئەگەر "مێهدی کەڕووبی" بێ، بەر بڵاوترو باشترە بەڵام ئەگەر موسەوی بێ، ئەم ئاڵوگۆڕانە من تەنیا لە بواری ئابووریدا دەی بینم، چون موسەوی بە پێی بەرنامەکانی ئەو شتەی بۆی گرنگایەتیی سەرەکی هەیە، کێشەی ئابوورییە و ئازادی مەدەنی و مافی هاونیشتمانی و.... لە بەرنامەی سەرەکی دا نین و بۆی ئەولەویتی نییە.

# پێشەنگانی هزری دیمۆکراسی

(٧)

ن: حوسێن بەشیریە

و. بۆ کوردی: ئامانج

**جان دەیویی (١٩٥٢ ـ١٨٥٩)**

جان دەیویی فیلسوفی پراگماتیست (سوودگەرا)ی ئەمریکایی، بە یەکێك لە تیۆریستە گەورەکانی دیمۆکراسی دەژمێردرێ. ئەو مامۆستای فەلسەفەی زانکۆی شیکاگۆو دواتر زانکۆی کولومبیا بوو. بەڕای دەیویی مرۆڤەکان سروشتگەلی جێگیرو نەگۆڕیان نیە، بەڵکوو بەردەوام لە گۆڕان دان. مرۆڤ بەردەوام لە گۆڕان و هەڵدان دایەو بەرەو ئامانجێك دەڕوا کە شیاوی ناسین نیە. بە بۆچوونی ئەو بۆ گەیشتن بە ئامانجە دێموکراتیکەکان واتە ئازادی، یەکسانی و پێشکەوتن، تەنیا دەتوانرێ کەڵك لە ئامرازە دێموکراتیکەکان وەرگیرێ. لە روانگەی دەیوییەوە. دێموکراسی، پەروەردەو زانست پێوەندییەکی دوو لایەنەو بەهێزکەریان لەگەڵ یەکتر هەیە. پەرەگرتنی دێموکراسی، پێویستی بە پەروەردەی دێموکراتیك هەیە. دێموکراسیش وەك خۆی بوار بۆ گەشەی زانست و پێشکەوتن دەخولقێنێ. بە بڕوای دەیویی یەکسانی بنەمای دێموکراسییە، دێموکراسی لەسەر ئەم بڕوایە بەندە کە هەموو خەڵك خاوەنی ئاوەزن و هیچ تاك یان گرووپێك لەبەر ئەوەی لافی زانایی و ئاوەزمەندتر بوونی هەیە، بەسەر دیتران دا حکوومەت بکا.

دەیویی ئازادیی نەرێنیی لە ئازادیی ئەرێنی جیا کردەوەو ئازادیی ئەرێنیی بە مەرجی دێموکراسی دەزانێ. ئازادیی نەرێنی تەنیا بەواتای ئازادبوون لە دەستدرێژیی و تەنیا بە واتای ئازادبوون لە دەستێوەردانی دیترانە، بەڵام ئازادیی ئەرێنی بە واتای هەوڵدانە بۆ پەروەردەکردنی خود (خۆ). هەروەك گوترا دێموکراسیی بەهای پەروەردەیی هەیە، چونکە دیمانەی ئازادانە بیروڕای گشتی پەروەردە دەکاو خەڵك بۆ ژیانی کۆیی بار دێنێ. لە نێوان دێموکراسی و زانست دا پێوەندییەکی نزیك هەیە، چونکە شێوازی دڵخواز لە دێموکراسیدا بریتییە لە ئەزموون و تاقیکردنەوەی بەردەوام لە هزرو بیروباوەڕو سیاسەتەکانداو ئەمەش هەمان شێوازی زانستە.

**هارۆڵد لاسکی (١٩٥٠ ـ ١٨٩٣)**

تیۆریستی سیاسیی ئینگلیزی، مامۆستای زانکۆکانی هارواردو لەندەن و خاوەنی بەرهەمگەلێکی گەورەی وەك قەیرانی دێموکراسی (١٩٣٣)، دەولەت لە تیۆری و پراکتیکدا (١٩٣٥)و ئۆتۆریتەی دەوڵەتی مودێرن (١٩١٩) بوو. لاسکی بنەما فرەگەرایانەکانی دێموکراسی و گرنگیی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان لە سیستمی دێموکراسیی دا پشتڕاست دەکردەوەو لەم بارەیەوە گومانی دەخستە سەر گرنگیی دەوڵەتی بەهێزو کۆجێ بۆ دێموکراسی. بە بۆچوونی ئەو تاکەکان لە راستیدا سەبارەت بە گرووپە کۆمەڵایەتییەکان و دامەزراوە نادەوڵەتییەکانی وەك کلیساو یەکیەتییەکان هەست بە وەفاداری و گرێدراوی دەکەن، نەك دەرهەق بە دەوڵەتی گەورەو کۆجێ. لەم رووەوە بنەمای دێموکراسی ئەم دامەزراوەو گرووپانەن و بۆ ئەوەی کە ئەوان بپارێزرێن و بەهێز بکرێن، دەبێ دەسەڵاتی دەوڵەتیی لاوازو ناکۆجێ بکرێ. وەفادارییەکی سیاسیی تاقانەیان نیە، بەڵکوو وەفاداریی ئەوان چەندانەو فرەیەو مەرجی پاراستنی ئازادی، پاراستنی ئەم چەشنە وەفادارییانەیە. لەگەڵ ئەمەشدا لاسکی لە بەرهەمەکانی دیکەیدا بە هزری لاوازکردنی دەوڵەت و بەهێزکردنی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان وەفادار نەمایەوەو بەڵگەش ئەمە بوو کە بۆ ئەوەی ئایدیالەکانی یەکسانی و ئازادی ئاوێتە بکرێن، دەبێ دەوڵەت لە پێناوی دابین کردنی پێداویستیی ماددیی چینەکانی خوارەوە دەستێوەردان بکا. بەم چەشنە لاسکی وردەوردە لە هزری لیبرالی دوور کەوتەوەو ئۆگرییەکی زیاتری بە سوسیالیسم پەیدا کرد. لە دوایین بەرهەمی گرنگی خۆیدا واتە دێموکراسی لە ئەمریکا (١٩٤٨) باس لەوە دەکا کە دێموکراسی لە دنیای مودێرندا بە هۆی سەرمایە لە هەموو بیاڤەکانی ژیاندا، گەندەڵ بووەو بەم پێیە لە راستیدا لەگەڵ سەرمایەداری نایەتەوە.

**هارۆڵد لاسول (١٩٧٨ ـ ١٩٠٢)**

لاسول، زانای سیاسیی ئەمریکایی و مامۆستای زانکۆکانی شیکاگۆو ییڵ، لەو بڕوایە دابوو کە دەکرێ لە رێگەی بەرەو پێشبردنی وشیاریی زانستی لە بیاڤی سیاسەتدا هیوادار بین کە بنەماکانی دێموکراسی بێنەدی و رێگە لە هەڵدێرانی ئەو بۆ هەناوی قەیران بگیرێ. ئەو لە کتێبی خەسارناسیی دەروونی و سیاسەتدا (١٩٣٠) باس لەوە دەکا کە تاك لە کاری سازان لەگەڵ دەورووبەری بگۆڕ کە ئەرکی "خود" یان "ئیگۆ"یە، لەگەڵ ئەو دەستێوەردان و رێگرییە سۆزیانەو بەراییانە بەرەوروو دەبێ کە لە بیاڤی "من" و "بان خود"ەوە سەرچاوەیان گرتووە. چەندی "خود" گەشە دەکا، تاك هەست بەوە دەکا کە لە ئۆتۆریتەی باوکدا زێدەبێژی (مبالغە) کراوە. لەگەڵ ئەمەشدا تاکی مرۆیی هەر ئەم ئاتاجیەی بە باوکی ئایدیایی و بەهێز لە نەستیدا شاراوەتەوە، لە لای رێبەر یان دەسەڵاتدارو دامەزراوە ئاماڵ باوکانە سیاسییەکاندا بە دوای دا دەگەڕێ. کەواتە بۆ بەهێزکردنی دێموکراسی پێویستە "خود" لە بەرانبەر راکێشەریی "من" و "بان خود"دا بەهێز بکرێ. "خود" ئەرکێکی ئاوەزمەندانەی هەیە، "خود" پێویستی بە فرەوان کردنی بیاڤی زانایی و هزر هەیە کە دادوەرییە بەهایی و ئاکارییەکان لەسەر بنەمای ئەو بەندەن. لەم رووەوە زانایان لە بەرەوپێشبردنی دێموکراسیدا بەرپرسیارێتییەکی گرنگیان هەیە. ئامانجی پەروەردە لە بواری دێموکراسیدا دەبێ پێکهێنانی هەستی بەرپرسیارێتی لە تاکدا لە کاتی بەکارهێنانی دەسەڵاتدا بێ. لەگەڵ ئەمەشدا پەروەردەی فکری و دەروونی بەس نیە، بەڵکوو هاتنەدی ئایدیالەکانی دێموکراسی پێویستی بە میکانیزمگەلی سیاسیی وەك جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و چاوەدێریی ئەوان بەسەر یەکتریشدا هەیە. بە بۆچوونی ئەو دەسەڵات هۆکاری سەرەکیی پەرێشانی و کێشە کۆمەڵایەتییەکانەو تەنیا رێگەیی رزگاریی تاك و کۆمەڵگە، لە لاوازکردنی هەرچی زیاتری پێکهاتەی دەسەڵاتدا شاراوەتەوە.

**ژۆزێف شۆمپیتر (١٩٥٠ ـ ١٨٨٣)**

شۆمپیتر لە ئوتریش (نەمسا) لە دایك بووو لە زانکۆی وییەن ئابووریی خوێندو لە ساڵی ١٩٣٢دا بۆ ئەمریکا کۆچی کردو لە زانکۆی هاروارد دەستی بە وانە وتنەوە کرد. ئەو لە کتێبە بەناوبانگەکەی واتە سەرمایەداری، سوسیالیسم و دێموکراسی (١٩٤٣)دا باسی لە دێموکراسی وەك شێوازێك بۆ دیاریکردنی رێبەرانی سیاسی کرد، لە کاتێکدا تیۆریستەکانی پێشتر وەك ئامانج لە دێموکراسییان دەڕوانی. بە وتنێکی دیکە روانگەی شۆمپیتر لە دێموکراسی راستبینانە بوو، نەك ئایدیالخوازانە. بۆچوونەکانی ئەو کارتێکەریی زۆریان لەسەر سەرهەڵدانی قوتابخانەی پلوڕالیسمی سیاسی یان دێموکراسیی گرووپە هەڵبژاردەکان لە ئەمریکادا هەبوو.

شۆمپیتر لە ژێر باندۆری موتالا ئابوورییەکانی خۆیدا، سیاسەتی بە بازارێکی رکەبەرانە شوبهاند کە لەودا خەڵك بە شوێن بەرژەوەندییەکانی خۆیانەوەن و یاریکەرە سیاسییەکان بۆ وەدەستهێنانی دەنگی خەڵك پێکەوە رکەبەرایەتی دەکەن. لە تیۆرە کلاسیکەکاندا، دێموکراسی بە باشترین فۆرمی حکوومەت بۆ هێنانەدی ویست و بەرژەوەندی گشتی لە قەڵەم دەدرا. هەم فیلسوفە ئایدلگەراکانی وەك رۆسۆو هەم تیۆریستە ریئالیستەکانی وەك بتنهام، دێموکراسییان بە ئامرازی دابینکردنی بەرژەوەندی یان قازانج و شادیی گشتی دادەنا. بەڵام بە بۆچوونی شۆمپیتر چەمکی بەرژەوەندیی گشتی، چەمکێکی ناڕوون و خەیاڵگەرایانەیە. هەروەها ئەو یەکێك لە گریمانەکراوە سەرەکییەکانی تیۆرە کۆنەکانی دێموکراسی واتە هەڵسوکەوتی ئاوەزمەندانەی مرۆڤی لە بیاڤی سیاسەدا رەت دەکردەوەو پێی وابوو کە شارۆمەندان بە گشتی دەکەونە ژێر باندۆری پاڵنەرە نائاوەزمەندانەکانی سیاسەتیشەوە. دیارە روانینێکی ئەوتۆ، لەگەڵ روانینی سەرەکیی ئەو دەربارەی هاوشێوەیی بازاڕی سیاسەت لەگەڵ بازاڕی کاڵا ناتەبایی هەبوو. بەڕای شۆمپیتر دێموکراسی لە راستیدا میتۆدێکە بۆ بڕیارەکردنی سیاسەتڤانان یان وتنێکی وردتر میتۆدێکە بۆ بڕیاردان بە هۆی ئەو رێبەرانە کە دەسەڵاتی خۆیان لە رکەبەرایەتی لەسەر دەنگەکانی خەڵك وەدەست دێنن. لەم رووەوە هەموو ئەو شتانەی لە تیۆرە کلاسیکەکانی دێموکراسیدا بە بەها دەژمێردران (بۆ وێنە بەرژەوەندیی گشتی، تاکایەتی، ئازادی، یەکسانی) جێگەکەیان دەدرێ بە دێموکراسی وەك باشترین و متمانە پێکراوترین شێوازی بژێرەکردنی دەسەڵاتداران، بەبێ روودانی توندوتیژی و ناجێگیر، دێموکراسی باشترین و تەنیا میتۆدی سواوە بۆ خۆبواردن لە سەرەڕۆیی.

**دێمون ئارون (١٩٨٣ ـ ١٩٠٥)**

ئارون، فیلسوف و نووسەری فەڕەنسی، لە لایەنگرانی سەرسەختی دێموکراسی بووو دژایەتیی کۆمۆنیسم، فاشیسم و توتالیتاریسمی دەکرد. ئەو پێی وابوو کە ئازادی و بەهای مرۆڤ، تەنیا لە سێبەری هزرە یەکسانیخوازەکانی سەردەمی مودێرندا شیاوی دابین بوونن. ئارون لە کتێبی دێموکراسی و توتالیتاریسمدا داکۆکیی لە سیستمگەلی فرەگەراو دێموکراتیکی هاوچەرخ وەك سیستمگەلی قانوونمەندو مەدەنی کرد. ئەرکی سەرەکیی ئەم سیستمانە بە بۆچوونی ئەو، نەسڕینەوەو پاککردنەوە، بەڵکوو دابەزاندن و کەم کردنەوەی کێشەی کۆمەڵایەتییەکانە. جەوهەری دێموکراسی رکەبەرایەتی، قانوونمەندی و جۆراوجۆری و فرەیی ئۆگری و بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە لە بەرانبەردا، سیستمە توتالیتێرەکان هەوڵ دەدەن بە شێوەیەکی ئایدیالیستی کێشە کۆمەڵایەتییەکان ریشەکێش بکەن و هەر لەم رووەوە، ئازادی، هاوبەش و رکەبەرایەتیش لە نێو دەبەن. بەڕای ئارون، دێموکراسی لە سەردەمی مودێرندا بەبێ جێگیرکردنی دەوڵەتێکی خۆش بژیو (خۆشگوزەران) کە دەرەتانی پێویست بۆ سوود وەرگرتنی تاك لە ئازادییە دێموکراتیکەکان بخولقێنێ، واتای نیە. بەڵام لە لایەکی دیکەوە بە بۆچوونی ئەو، جێگیرکردنی یەکسانی لە کۆمەڵگە مودێرنەکاندا کردەیی نیە، چونکە کۆسپگەلی پێکهاتەیی گەورە لەسەر رێگەی سەرهەڵدانی کۆمەڵگەی یەکساندا هەن. بەڕای ئارون هەوڵدان بۆ جێگیرکردنی یەکسانیی تەواو لە کۆمەڵگەدا، تەنیا سەرەڕۆیی و توتالیتاریسمی لێ دەکەوێتەوە.

**ئایزایا بێرلین (١٩٩٧ ـ ١٩٠٩)**

بێرلین، فیلسوفی سیاسیی هاوچەرخ لە لاتوزیا لە دایك بووو لە ئینگلستان خوێندی. وتارە بەناوبانگەکەی ئەو لە ژێر ناوی "دوو واتای ئازادی" (١٩٥٨) کە دواتر لە کتێبی چوار وتار دەربارەی ئازادی (١٩٦٩)دا بڵاوکرایەوە، هەڵگری بنەماکانی بیروڕاکانی ئەو سەبارەت بە ئازادی و دێموکراسییە. ئەو لەوێدا دوو چەمکی ئازادیی نەرێنی و ئەرێنی لێك جیادەکاتەوە. ئازادیی ئەرێنی کە بە واتای دەربازبوون لە دەستێوەردان و ویستی سەرەڕۆیانەی ئەوی دیکەیە، جەوهەری لیبرالیسم پێك دێنێ. لە بەرانبەردا ئازادیی ئەرێنی کە بە واتای کردەوە بە پێی پێویستییەکانی ئاوەزی گشتییە، بنەمای سەرەڕۆیی و توتالیتاریسمە. بە وتنێکی دیکە ئازادیی ئەرێنی پێویستی بەوە هەیە بەشی ئاوەزیانەی جەوهەر بخرێتە سەرووی بەشی هەوەسکارو نائاوەزیانەی ئەوەوە. ئەوەی کە دروست و ئاوەزیانەیە بەگشتی بە هۆی کۆمەڵگە یان دیترانەوە دیاری و پێناسە دەکرێ و لەم رووەوە ئازادیی ئەرێنی بە واتای دەروەست بوون بە ویستی دیترانە، "دیترانێك" کە بەرژەوەندیی "راستەقینە" و "ئاوەزیانەی" تاك پێناسە دەکەن. هەر ئەم هزرە بۆخۆی بنەمای توتالیتاریسم و سەرەڕۆیی گشتگیری مودێرن پێك دێنێ. لە راستیدا داکۆکیکارانی ئازادیی ئەرێنی، تاك ناچار دەکەن ئازاد بێ. بەگشتی بێرلین لەو بڕوایەدا بوو کە دێموکراسی سیستمێکە کە لەودا تاکەکان دەرەتانی هەڵبژاردن لە نێوان بژێرە جۆراوجۆرەکانیاندا هەیە. دیارە لە نێوان بەها دڵخوازە مرۆییەکاندا هەمیشە ناتەبایی هەیەو بە هیچ شێوەیەك تەنانەت بە هۆی دێموکراسیشەوە ناتوانرێ ئەم ناتەباییە چارەسەر بکرێ، بەڵام دێموکراسی بواری بژێرەکردنە لە نێوان بەهاو ئایدیالە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا بۆ تاکەکان دەخولقێنێ.

**موریس دوورژە**

**دوورژە لە ساڵی ١٩٥٥ تا ١٩٨٥** مامۆستای کۆمەڵناسیی سیاسیی زانکۆی پاریس بوو. ئەو لە کتێبە بەناوبانگەکەی خۆیدا، حیزبە سیاسییەکان لە نێوان سیستمەکانی هەڵبژاردن و سیستمی حیزبیدا، پێوەندییەکی دۆزیەوە کە بە "قانونی دوورژە" ناسراوە. بەم واتایە کە سیستمی هەڵبژاردنی زۆرینەی ساکاری بونیات نراو، لەسەر بیاڤی تاك نوێنەری کە لەودا کاندیدایەك کە زۆرترین دەنگ بێنێتەوە، کورسیی پارلمان وەدەست دێنێ، دەبێتە هۆی جێگیربوونی سیستمێکی دوو حیزبی. لە لایەکی دیکەوە بە بۆچوونی ئەوی سیستمی رێژەیی یارمەتی بە جێگیربوونی زیاتر لە دوو حیزب دەکا. بەگشتی بەڕای دوورژە لە نێوان ژمارەی کورسییەکان لە هەر بیاڤێکی هەڵبژاردن و ژمارەی حیزبە گەورەکانی وڵاتدا پێوەندییەك هەیە. بە بۆچوونی ئەو دوو هۆکاری سەرەکی بۆتە هۆی دروست بوونی ئەم پێوەندییە: یەکیان هۆکاری تیکنیکی و دووەمیان هۆکاری دەروونییە. مەبەست لە هۆکاری یەکەم، بێ توانایی حیزبە بچووکەکان لە وەدەستهێنانی دەنگ لە سیستمی زۆرینەیی خاوەن تاك بیاڤی تاك کاندیداییەو مەبەست لە هۆکاری دووەم، بێمەیلیی دەنگدەرانە سەبارەت بە فێڕۆدانی دەنگەکانی خۆیان بەو حیزبانەی کە توانای سەرکەوتنیان نیە، لە ئاکامی کارکردی ئەم هۆکارەدا، لە راستیدا دەنگەکانی ئەم چەشنە حیزبانە بۆ یەکێك لە دوو حیزبە سەرەکییەکە دەچێ. بەڵام کاتێك سیستمی پارلمانی رێژەییە، هیچ کام لەو دوو هۆکارە کارتێکەرییان نیەو لە ئاکامدا ژمارەی حیزبە بچووکەکان بۆ وەدەست هێنانی کورسییەکانی پارلمان زیاد دەکا. لەم سیستمەدا، بیاڤەکانی هەڵبژاردن چەند کاندیدایین. هەرچی ژمارەی کورسییەکانی بیاڤەکان زۆرتر بێ، ژمارەیەکی زۆرتر لە حیزبەکان دەتوانن نوێنەریان هەبێ. نووسەرانی دواتر وێڕای پێداگرتن لەسەر دروستیی بۆچوونی دوورژە، ئاماژەیان بەوە کردوە کە ئەو دوو هۆکارەی باسیان کرا لەوانەیە تا رادەیەك لە سیستمە رێژەییەکانیشدا کار بکەن. بەم پێیە ئەوان "قانوونی دوورژە"یان بەم چەشنە خستۆتە سەریەك: کاتێك کە بیاڤی هەڵبژاردن تاك کورسی یان تاك نوێنەری بێ، ژمارەی حیزبەکان بە دوو حیزب سنووردار دەبێ، بەڵام تا ژمارەی کورسییەکان و کاندیداکان لە بیاڤی هەڵبژاردندا زیاتر بکا، ژمارەی حیزبە گەورەکانیش زیاد دەکا.

# ژنانی وشیاری ئێران بە دروشمی سەروبەندی هەڵبژاردن هەڵ نافریوێن

کوێستان فتوحی

لە ئێران هەر چوار ساڵ جارێك دیاری کراوە بۆ هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار. ئێستاش سەروبەندی ئەو هەڵبژاردنەیە، هەڵبەت نەك هەڵبژاردنێکی ئازاد. چونکە لەلایەن شورای نیگابانەوە دیاری دەکرێ کە چەند کەسێك شایستەی ئەوەن خەڵك دەنگیان پێبدەن. لە نێو ئەوانەدا هیچ ژنێك نابینرێ، چونکە لەلایەن سەرانی ئەو ڕێژیمەوە ژن شایستەی ئەوەنیە کە بتوانێ پۆستێکی وا بەئەستۆوە بگرێ. بەپێی دەقی قانوونی بنەڕەتییش، سەرکۆمار دەبێ لە باری ڕەگەزەوە پیاو بێ. ئەوە ٣٠ ساڵە بەم شێوەیە دێ و دەڕوا.

لە سەروبەندی هەڵبژاردن لە ئێراندا بۆ جارێکی دیکە مەسەلەی خۆپاڵاوتنی ژنان و هەروەها دەستەوەاژەی ڕەجالی سیاسی دینی هاتەوە بەر باس و لێکدانەوەی ڕەخنەگرانی سیستمی نادادپەروەری کۆماری ئیسلامی. بەڵام کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی تا ئێستاشی لەگەڵ بێ لێکدانەوەیەکی ڕوونیان بۆ ئەم دەستەواژەیە نەکردوە. هەروەك دیتمان ژمارەیەك ژن بۆ پۆستی سەرکۆماری خۆیان کاندید کردبوو بەڵام لەلایەن شورای نیگابانەوە ڕەت کرانەوە و بۆ جارێکی دیکە ئەو هەلەیان لە دەست چووو نەیانتوانی لە کێبرکێی هەڵبژاردنەکاندا بەشداری بکەن.

بەڵام لەم ڕۆژانەدا لە لای پالێوراوەکانی سەرۆك کۆماری، کێبرکێی دروشم و بەڵێنی جۆراوجۆری پێشکەوتوانە گەرمەو هەریەکە دەیەوێ وەپیش ئەوی‌تر بکەوێ. تەنانەت چەند پاڵێوراوێك لە دروشمەکانیاندا باس لە سڕینەوەی هەڵاواردنەکانی نێوان ژن و پیاو لە ئێراندا دەکەن. چوارساڵ دەسەڵاتدارەتیی ئەحمەدی نەژاد کە یەکێکی دیکە لە قۆناغە پڕ لە سەرکوت و سەرەڕۆییەکانی کۆماری ئیسلامی بووە بەتایبەت بۆ ژنانی ئەو وڵاتە، ئەمە وای کردوە کە خەڵك تەنانەت ئەوانەی باوەڕیشیان بە بەو جۆرە هەڵبژاردنانە نیە، ناچارن لە چوارچێوەی یاسا و پابەندبوون بە ئیلتزاماتی ئەو سیستمەی کە هەیە لە ڕۆژنەیەك بگەڕێن بەرەو ئازادی و ڕێگەیەك بۆ هەناسە هەڵکێشان. بۆیە ڕەنگە سەیر نەبێ ئەگەر خەڵکانێك هەبن ڕوو لە چەند کاندیدایەك بکەن کە قسەیەکی باشتر دەکەن یان ڕوانگەیەکی ئاوەڵاتریان نیسبەت بە کێشەکان هەیە. دیارە دڵخۆشکردن بە هەرکامیان هیچ سوودێکی نیە، چونکە ئاکامەکە هەر یەك شتە. ڕوونە ئەوانیش لە چوارچێوەی یاسای بنەڕەتیی ئەم ڕێژیمەداو لە ژێر سایەی حوکمی حکوومەتی‌دا، ناتوانن بە قەول و بەڵێنەکانیان کە بەخەڵکی دەدەن وەفادار بمێننەوە.

بەڵام ئەوەی گرنگە ژنانی ئێران دەبێ لەبەرچاوی بگرن ئەوەیە کە نابێ بەم قەول و بەڵێنە تازانە هەڵفریوێن یان دڵی پێخۆش بکەن. هەر ئەوەش لە ژنانی وشیاری ئەو وڵاتە چاوەڕوان دەکرێ. ئەوەتا ئەمجارە دەیانەوێ لەم هەلە بە قازانجی ویست و داخوازەکانی خۆیان کەڵك وەرگرن و بە جیددیەتێکی زۆرترەوە لەبەرابەر پێشێل کردنی مافەکانیاندا وەقسە بێن. ژنان ئەمجارە بزووتنەوەیەکی بەهێزیان هەیە. ئەو بزووتنەوەیە بە پشت ئەستوور بە هێز و باوەڕی خۆی دەیەوێ لەم مەیدانە کەڵك وەرگرێ. بەبێ ئەوەی لایەنگری لە هیچ کاندیدایەکی دیاری کراو بکا، خواستەکانی خۆیان دەخەنە بەردەم هەموو بیروڕای گشتی و شەخسی سەرکۆماری داهاتوو. دیارە ئەوەش بەو مانایە نیە کە بزووتنەوەی ژنان پێی وابێ کۆماری ئیسلامی و سیستمی بەڕێوەبەرییەکەی ئالوگۆڕێکی بەسەر هاتوە و بەرەو دێموکراسی هەنگاوەی ناوە. ئەگەر ئەمڕۆ کاندیدایەك باس لە کێشەی ژنان دەکا بەدڵنیاییەوە دەبێ بە بەرهەمی خەباتی ژنان و بەردەوام بوون لەو خەباتەیان لە کۆمەڵگەی ئێراندا دابنرێ. لە داهاتووش دا ڕێژیم یا مۆرەیەکی کلیدیی وەك سەرۆك کۆمار ناتوانێ هەروا بە ئاسانی بەسەر ئەم داخوازییانەدا ڕەت بێ و پشت گوێیان بخا. بزووتنەوەی ژنان نایەوێ دڵ بە دروشمەکانی ئەوانە خۆش بکا. ئەو دروشم و داخوازی خۆی هەیە. لەم بارەیەوە جارێکی دیکە یەکگرتووتر، سوورتر لەسەر هەڵوێستە ڕەواکانی خۆی هاتۆتە مەیدانێکی حەساسترەوە. ئێستاکە کەسێك هەڵدەبژێردرێ، یان لە پۆستی سەرکۆماری‌دا دادەنرێ، لەم کاتەدا بە هەلێکی باشیان زانیوە جارێکی دیکە ڕوو لە دەسەڵاتدارانی وڵات بکەنەوە کە داخوازییەکانی ئێمە داخوازییەکی ڕەوان و ئێوە هەروا ئاسان ناتوانن بەسەریاندا تێپەڕن.

لایەنە فکرییە جۆراوجۆرەکانی بزووتنەوەی ژنانی ئێران بێ وەبەرچاو گرتنی جیاوازی لە بیرو بۆچوونی سیاسی، ئایینی، نەتەوەیی و... لە پێناو مەسەلەیەکی گرنگ ئەویش ماف و ئازادییە ئینسانییەکان و دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی دادپەروەر و بەدوور لە چەوسانەوە لەو وڵاتەدا بە ناوی "هاوپێوەندیی بزووتنەوەی ژنان بۆ هێنانە گۆڕی داخوازییەکان لە هەڵبژاردن"دا یەکیان گرتووەو گەڵاڵەیەکیان خستۆتە بەردەم بیروڕای گشتی و ئەو کەسەی دەبێتە سەرۆك کۆمار. ئەو بەرنامە هاوبەشە نە لایەنگری لە جەناحێکی تێدا بەدی دەکرێ نە لە کاندیدایەکی دیاریکراو. بەڵام ئەوی گرنگە ئەوەیە ژنان چاوەڕوانی بارودۆخی داهاتوو نین، بەڵکوو تێدەکۆشن لەو بارۆخەدا ڕێگەیەك ببیننەوە بۆ زیاتر خۆپێناسە کردن و بۆ هێنانە ئارای هەلومەرجێکی دڵخواز لە دوارۆژی ئەو هەڵبژاردنەدا.

ئەو ئیئتلافە کە دەکرێ بە هاوپەیمانییەکی بەهێز ناوی بنێین لە ٣٥ گرووپ و ڕێکخراوی ژنان و زیاتر لە ٦٠٠ کەسایەتیی سەربەخۆ پێك هاتوە، زۆر بە ڕوون و ڕاشکاوانە خواستەکانی خۆیان لە گەڵاڵەیەك دا بۆ سەرۆك کۆماری داهاتووی ئێران هێناوەتە بەرباس. خوازیاری بەرابەریی مافەکان و سڕینەوەی هەموو جۆرە هەڵاواردنێکن کە دەبێتە هۆی چەوسانەوەی مرۆڤ. هەموویان لەسەر ئەو باوەڕن کە بەرابەری جنسییەتی پێش مەرجی وەدیهاتنی دێموکراسی‌یە. بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی دێموکرات و ئینسانی و دادپەروەر، ئاوڕدانەوە لە خواستەکانی ژنان. ئەمە خواستی ڕوون و هاوبەشی هەموو ئەو ڕێکخراوو ئەنجومەن و بنیات و کەسایەتییانەیە کە بە مەبەستی وەدیهاتنی بەشێك لە خواستەکانی ژنان و بەکەڵك وەرگرتن لە هەلومەرجی هەڵبژاردن ئەو ئیئتلافەیان پێك هێناوە.

بە بوونی بزووتنەوەیەکی بەهێزو پێگەیشتووی ژنان لە ئێراندا ئایا سەرۆك کۆماری داهاتوو دەتوانێ خواستەکانی نیوەی کۆمەڵگەی ئێران پشت گوێ بخا؟ وڵامەکەی دێڵینەوە بۆ داهاتوو.

بەڵام ئەوەی گرنگەو جێگەی هیوایە ئەو هاوپێوەندییەیە کە لەنێو بزووتنەوەی ژنان بە بیروبۆچوون و ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە لەو جۆرە کاتانەدا دروست دەبێ. ئەوە نیشانەی گەشەو پێگەیشتوویی بزووتنەوە مەدەنییەکانە کە ئەمڕۆ لە ئێراندا بوونیان هەیە. لایەنێکی دیکە ئەوەیە کە ژنان هەموو کات تەنانەت لە سەختترین هەلومەرجەکانداو لە حەساسترین کاتەکاندا نیشانیان داوە بۆ بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگە هاووڵاتییەکی کاریگەرن و لەبەرانبەر مەسەلە چارەنووسسازەکاندا بێ‌تەفاوەت نین. بەڵام گرنگتر ئەوەیە کە ئەوە یەکەمجارە بزووتنەوەی ژنان لە ئێراندا بە شێوەیەکی تەواو سەربەخۆ و بە بە بیروبۆچوونی جیاوازەوە هەموو ڕێکخراوەکان یەك دەگرن و خواست و داواکاریی ڕوونیان لە یەك مۆرەی گرنگی ئەم نیزامە واتە سەرۆك کۆمار هەیە. ئەم یەکگرتنە لەگەڵ ئەوەی سەرکەوتنێکی دیکەیە بۆ بزووتنەوەی ژنان لە ئێراندا، سەرۆك کۆماری داهاتووش تەنانەت ئەگەر لە هەرە کۆنەخوازەکانیش بێ چی دیکە ناتوانێ چاوپۆشی لە داخوازییەکانی بزووتنەوەیەك بکا. ڕەوتی ئازادی و دیموکراسی و یەکسانیخوازی ڕوو لە گەشەیە، هەر ئەوەشە دەتوانێ باشترین زامنی وەدیهاتنی دروشمەکانی ئەو کاندیدایانە بێ کە ئەمڕۆ کێبەرکێیانە لە دانی دروشمی جوان و ڕەنگاورەنگ دا. ئەو دروشمانەی کە بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤیش لەئاستیاندا خەریکە کەم دێنێ!! قسەی ئاخر هەر ئەوەیە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ناچارن وڵام بدەنەوە و تەسلیمی ویستەکانی ژنان و هەموو خەباتکاران و ئازادیخوازانی ئەو وڵاتە بن.



بۆ ناردنی بابەتەکانتان بۆ لاپەڕەی کۆمەڵایەتی پێوەندی بەم ئیمەیلەوە بگرن:

komelayeti@hotmail.com

## ڕۆژنە

# مافی منداڵان لە کۆنڤاسیونی جیهانی و لە قانوونەکانی ڕێژیمی ئیسلامی دا

عەلی بداغی

یەکێك لە گرینگترین بەڵگەو دیکۆمێنتەکانی پێوەندیدار بە منداڵان و مافی جیهانگیری ئەوان، کۆنڤاسیونیی جیهانیی منداڵانە کە لە ساڵی ١٩٨٩ی زایینی داو لە لایەن کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە پەسند کراوە. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش لەلایەن وڵاتی ئێرانەوە ئەو کۆنڤانسیۆنەی لە ساڵی ١٣٧٢ی هەتاوی دا واژۆ کردوە بەو مەرجەی" هەرکات و لە هەر شوێنێك دا نێوەرۆکی ئەو کۆنڤانسیۆنە لەگەڵ قانوونەنێوخۆیی و ڕێوشوێنە ئیسلامییەکانی وڵات ناتەبایی هەبێ، لە لایەن حکوومەتی ئێرانەوە جێبەجێ نەگرێ." ئەو مەرجەی ئێران بۆ ئەندامەتیی خۆی لەو کۆنڤانسیۆنەدا دایناوە، کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لە پێوەندی لەگەڵ تەعەهودو دەروەستییەکانی ئێران لە حەوزەی منداڵان و مافەکانیانی تووشی سەر لێشێواوی و دردۆنگی کردوە، هەربۆیەش بەبەردەوامی لە لایەن کۆمیتەی هەواڵدەری و ڕاپۆرت گەیاندنی کۆنڤانسیۆنەکە (سی ـ ئار ـ سی) و هەروەها لە لایەن کۆڕوکۆمەڵەکانی پاراستنی مافی مرۆڤ و مافی منداڵانەوە ڕەخنەی لێ گیراوەو پێشیلکارییەکانی مافی منداڵان بەهۆی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە لەلایەن ئەو لایەنانەوە مەحکووم کراوە.

یەکێك لە پرنسیپەکانی ئەندامەتی لە هەر کۆنڤانسیۆن و پەیماننامەیەکی جیهانی دا ئەوەیە کە دەوڵەتی ئەندام تەعەهود دەدا کە لە ژێر ڕووناکایی قانوونەنێونەوەییەکاندا گۆڕان لە قانوونەنێوخۆییەکانی وڵاتەکەی دا پێك بێنێ یان ڕێفۆرمیان تێدا بکا. بەڵام ئێران دوای ١٦ساڵ ئەندامەتیی خۆی لەم کۆنڤانسیۆنەدا تا ئێستا هیچ گۆڕانێك و تەنانەت ڕیفورمێکی لە قانوونەکانی وڵات دا بە قازانجی منداڵان و مافەکانیان نەکردوە. هەربۆیەش ڕەوشی منداڵان و مافەکانیان لە ئێرانی ئیسلامی دا یەکجار نالەبارو دڵتەزێنە. زۆربەی منداڵانی وڵاتەکەمان لە هەژاری و بەشمەینەتی دا دەژین، ئەوان بە دەست هەڵاواردن و نەبوونی ئیمکاناتی پەروەردەیی سەردەم و تەنانەت بێهداشت و خوێندن و ژیان لە ژینگەیەکی شیاوی کەسێتییان دەناڵێن. بە سەدان هەزار منداڵ لەو وڵاتە لەڕووی ناچارییەوە وەبەر کار نراون و دوور لە چاوو چاوەدێریی تەنانەت قانوونە پڕ لە مافەکوژییەکانی کاری ئەو ڕێژیمە، بە حەقدەستی کەم و سەعاتی کاری زۆرەوە لە کارگە بچووکەکاندا بەبێ گرەنتیی و ئەمنییەتی بێهداشتی و بیمەی کارەوە خەریکی هەرزانفرۆش کردنی توانا جەستەییەکانی خۆیانن.

هەژاری و دۆخی نالەباری ئابووریی وڵات وای کردوە کە بەشێکی یەکجار زۆر لە منداڵانی ئێران دەرفەتی خوێندن و قوتابخانە چوونیان پێ نەدرێ، یان ئەوەی ناچاربن بەنیوەچڵی واز لە خوێندن بێنن. ڕێژەی منداڵانی سەرشەقام، منداڵانی توشبووو قوربانیانی ئیعتیار بەمادە هۆشبەرەکان، منداڵانی بەندکراو بە هۆی دەست بردنە بەر تاوان و تاوانکارییش کە بەردەوام ڕوو لە هەڵکشان و زیدەتر بوونە، یەکێکی دیکە لە نیگەرانییەکانی چاوەدێرانی مافی منداڵان لە ئێران دایە. بابەتی ئێعدام کردنی مێرمنداڵان لە ئێرانیش دا لە جێی خۆی کە ئێران پێچەوانەی هەموو دەروەستییەکانی بە پەیماننامەو کۆنڤانسیۆنە جیهانییەکان پلەی یەکەمی لە ئێعدام کردنی مێرمنداڵان لە جیهان دا هەیە. چەمکی منداڵیی و پێناسەی منداڵ و منداڵیی یەکێك لەو خاڵە گرینگانەیە کە کۆك نەبوون و نەبوونی کۆدەنگییەکی ناوەندەکانی بەرپرسیاری بیاڤەکانی سیاسی، قانوونی، کۆمەڵایەتی لە سەر چەمکی منداڵیی کێشەی زۆری بۆ منداڵان و ڕێگە پێدان بە بەقانوونی کردنی مافەکانی ئەوان ناوەتەوە. بۆ وێنە ئێران بەپێی ئەو دەروەستییەی کە بە کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەییەکان هەیەتی و دەبێ هەیبێ، ناچارە ئەو پێناسەیە بسەلمێنێ کە منداڵان هەموو ئەو کەسانەن کە هێشتا ١٨ ساڵن لە تەمەنیان ڕاینەبردوە. بەڵام قانوونەکانی نێوخۆی وڵات شتێکی دیکە باس دەکەن: بەپێی قانوونی کاری منداڵان. ئەو کەسانەن کە خوار ١٥ ساڵن و هیچ خاوەن کارێك بۆی نیە وەبەر کاریان بنێ. لەڕووی شەرعی و ئایینییشەوە منداڵان بریتیین لە کچانی خوار ٩ساڵ و کوڕانی ژێر ١٥ ساڵ کە هێشتا خۆیان نەناسیوە. لەڕووی سیاسییشەوە منداڵان چ کچ یان کوڕ کەسانی ژێر ١٥ساڵن کە بەهۆی ئەوەی هێشتا بەتەمەنی خۆناسین نەگەیشتوون ناتوانن بەشداری لە کاری سیاسی و هەڵبژاردنە کاندا بکەن. لە نیزامی بانکی و هەروەها سەربازی دا منداڵان، کەسانی ژێر ١٨ساڵن و لە نیزامی ئامارگیری و سەرژمێریی وڵاتیش دا منداڵان کەسانی ژێر ١٠ساڵن. ئەو ڕیکنەکەوتن و پێناسەی جیاواز لە یەکترە لە مندڵیی و چەمکی منداڵی وای کردوە کە لە کردەوەدا و لە یەکەم هەنگاو دا بارۆخی منداڵان لەڕووی حەشیمەت و شوێنگەی کۆمەڵایەتی و سیاسییان دیاروروون و بەر چاو نەبێ و ڕێگە بە خۆدەرباز کردن و خۆدزینەوەی بەرپرسان و ناوەندە بەرپرسیارەکانی پێوەندیدار بە پرسی منداڵان و کێشەکانیان بدرێ. بەو پێیە ئەو پرسیارەی کە" منداڵ" کێ دەگرێتەوە، هێشتا لە ئێرانی بندەستی کۆماری ئیسلامی دا وڵامێکی سەرڕاست لە سەر بنەمای واقعی نیەو ئەوەش واتە بەر دەوامیی پێشیلکردنی مافی منداڵان. دوا وتە ئەوەی کە: لە کاتێك دا کە منداڵان نیزیك بە ٤٠٪ی حەشیمەتی ئێران پێك دێنن بەڵام هیچ ڕێکخراوو ناوەندێك لە ئێراندا نیە لە ئاستی گشتی دا داکۆکی لە مافەکانیان بکاو بیەوێ گۆڕان لە دۆخی ئەوان دا پێك بێنێ، دوورەدیمەنەکانی ژیان و چارەنووسی منداڵان لەو وڵاتەدا هەروا پڕ ژان و کەسەر دەنوێنن.

# کورتەیەك لە بارەی مێژووی هونەر و مۆسیقا لە سەدەکانی نێوەڕاستدا

ئارەش

بەشی پێنجەم

و: ئاڵەشین

بەرهەمە هونەرییەکان خۆڵقاوی هەلومەرجی ئابووری و کۆمەڵایەتین. لەو چاخەداو لە بەر بەدەست هێنانی داهات، بازرگانی پەرە دەگرێ و گۆڕینەوەی سەربەسەری سەرەتایی دابەشینی کاڵاو پێکهاتنی ساتوسەودای لێدەکەوێتەوە. ئەو گۆڕانە دەبێتەوە هۆی ناسینی قوڵتری دیاردە هاوبەشەکان. بە جیابوونەوەی نێوەرۆك و چوارچێوەی دیاردەیەك لە یەکتری ئەو وێنایە چێ دەبێ کە فۆرم دەتوانێ سەربەخۆ ئیش بکا. لە نێوان ئەو گریمانەیەو گەشەی سامان و پسپۆڕیی بوونی کار (تخصصی) کە دەبێتە هۆی ئەندێشەی (مجرد) و لە ئاکام دا سەربەخۆیی چوراچێوە زەینییەکانی لێدەکەوێتەوە. ئازادی هێندێك توخمگەل بە مەبەستی ئافراندنی میتۆدگەلی سەربەخۆ( بێ چاوەڕوانیی دارایی) نیشاندەری گەشەی سامان و پشووی زیاترە. دەسەڵاتبەدەستانی کۆمەڵگە بە ئامانجی ئەوەی کە هونەر بخەنە خزمەت خۆیان ( دیارە بێ هیچ مەبەستێك ) تێچووی ئەو بوارانە دەبژێرن.







ئالۆگۆڕەکانی ئەو سەردەمەی یۆنان دەتوانین لەو هێمایانەی دا بدۆزینەوە کە لە فەرهەنگە بێگانەکانەوە کاریگەری دەکردە سەر یۆنانییەکان. بێگانەکان بوونە هۆی ئەوەی کە بایەخە فەرهەنگییەکان بە شێوەیەکی گشتگیر گەشە بستێنن و بوونە هۆی زانیاری بەخشین لە سەر خۆیان کە ئەویش سەربەخۆیی و خۆڕسکانی لێکەوتەوەو هەلومەرجی ئابووریی هونەرو فەرهەنگەکەیان پێشەنگایەتیی کرد. لە سەدەی پێنچەمی بەر لەزایین دا خانەدانیی بازرگانی، شوێنی خانەدانیی بنەماڵەیی دەگرێتەوەو تاقمێك سووی خۆر، شوێن بە دەوڵەتی خێڵایەتیی لێژ دەکەن. لەو قۆناخەداو (سەدەی پێنجەمی بەر لە زایین) هونەری کلاسیکی یۆنان دەست پێدەکاو دەپشکوێ. هونەری ئەو چاخەیان، بە هونەری سەردەمی خەملان (کلاسیك) و هونەری بەر لەویشیان بە سەردەمی کۆن (ئارکائیك) ناوزەد کرد. لەو سەردەمەدا گرینگترین و بە کەڵك ترین ئینتیما سروشتییەکان دەدۆزرێنەوە بە جۆرێك کە لە هەر بەرهەمێك دا سروشت گەرێتی و گرۆیی بەرەو هونەری رەبەن یەکیان گرت.

هونەری کلاسیکی یۆنان لەو سەردەمەدا (سەدەی پێنجەمی پ.ن) بە واتای ئەم چەمکە ئەمڕۆییەی خۆی کلاسیك نەبوو. بەڵکوو خاوەن تایبەتمەندی و وێنەی تایبەت بەخۆی بوو. لەو سەدەیەدا دێموکراسی لە یۆنان دا گەشە دەستێنێ و سنوورەکانی سەر ئازادی تاکەکەسی مرۆڤ کەم دەبنەوە. باسی ئەو کۆت و بەندانەی کە دەبوونە لەمپەرو تەگەرەی بەردەم ئازادی هەر لە گۆڕێش دا نەبوو. نەریتە میراتییەکان (ئەو نەریتانەی وەك میرات لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە دەمێنێتەوە) هەڵدەگیرێن. لە نیوەی دوویەمی ئەو سەدەیەدا چەمکگەلێکی نوێ، کە لەسەر بناخەی زانست ـ ئەندێشەی لۆژیکی و زەینیی، بەرهەم هاتوون جێگەی ئارمانە خانەدانییەکان دەگرنەوە. بزووتنەوەی سوفستاییەکان و پەرەگرتنی لیبرالیزم کە گۆڕانێکی فەلسەفی و رەنگدانەوەی رۆحی کۆمەڵایەتییە، سەرهەڵدەداو دێموکراسی بەسەر هونەرو کۆمەڵگەدا زاڵ دەبێ. لە کۆتایی ئەو سەدەیەدا توخمە سروشت گەریی ـ سۆزدارییەکان و تاکچێتی لە هونەردا گرینگتر دەبن و وەهمگەرێتی و زەینییەتی ئەم قۆناخە دەربڕی لیبرالیزمی ئابووری و خەڵك سالارییە. خەڵکی ئەم سەردەمە مرۆڤ بە پێوەرو پێوانەی هەموو شتێك دەزانن و زیاتر قەرزدارو پشت ئەستوور بە خۆیانن هەتا باب و باپیرەکانیان.

لەسەدەی چوارەم دا بە هۆی شەڕوشووڕەکان، چارەنووسێکی شووم داوێنی هونەری گرتەوە. چونکی دوای شەڕ هەلپەرستەکان کە چینی نوێ و دەوڵەمەندەکان و ئەو تازە پێگەیشتوانەی کە لە سایەسەری گەشەی بازرگانییەوە هاتبوونە مەیدان دەگرتەوە، بە ئامانجی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان وەبەرهێنانیان لە بواری هونەردا بە مەبەستی دەست بەسەر داگرتنی هونەر دەست پێکرد. لەوە بە دوا رەوتی پرۆپاگەندەیی هونەر کە بە مەبەستی جۆراوجۆرو بە کەڵك ....... گۆڕا، چێژ بەخشی و پێوەرە جوانناسییەکان جێگەی نێوەرۆکیان گرتەوەو هونەر کەوتە خزمەت پرۆپاگەندەی چینی دەوڵەمەندەوە.

# تروسکەی رەسەنی زمان لە قەڵەمی مامۆستا مەلا عەبدوڵا ئەحمەدییان دا

ن: ئەمین گەردیگلانی

ئێمەش بێتوو لە سەر زمان و رێزمانێکی یەکگرتوو پێك نەیەین و پێڕەویی لێ نەکەین، باشتر وایە هەر لە ئێستاوە دەستی لێ هەڵگرین و لەوە زیاتر خۆمان ماندوو نەکەین و وازی لێ بێنین. بیر و ئەندێشەیەکیش کە هەمانە وا چاکترە بە زمانێك بینووسین کە رێزمانەکەی دروست و رەسەنە و تێی دەگەین با دوایی تووشی پەژیوانی نەبین و نەڵێین بە جارێ ماڵی وێرانم ئەویشم چوو ئەمیشم چوو.

ئێستا لە باشووری کوردستان ئەو هەموو گۆڤار و رۆژنامە و کتێبە بڵاو دەکرێتەوە بەڵام دەتوانم بە دڵنیاییەوە بڵێم دە لە سەدیان تەنیا کاغەز رەش کردنەوەیە و بۆنی زمانی کوردییان لێ نایە. زۆری و بۆریی نووسەر و شاعیری نادەرۆست و بڵاوکراوەی نابەرپرسانە بوونەتە درم و پەتای زمانەکەمان، شێوە زمانێکی رەق و تەق و هەڵلەق مەڵلەق و ناحەزیان دامەزراندووە و پێی دەنووسن کە لە ژێر کارتێکەری عەرەبی و فارسی و تورکی دان و نە رێزمانە کوردییەکە دیارە، نە هیچ کام لەو سێ زمانە بە تەواوی پێڕەوی لە رێزمانەکەیان دەکرێ.

نووسەران و قەڵەم بەدەستانی ئەمڕۆ بە داخەوە خۆیان بە عەللامەی دەهر دەزانن و فیز بە مەدرەکی زانستگایی و پلە و پایەی فەرهەنگی و ئەدەبییەوە لێدەدەن و تەنانەت دەماریان ناهێنێ نووسراوەی شاعیران و نووسەرانی قەدیم بخوێننەوە و بە کۆنەپەرست و سەلەفییان لە قەڵەم دەدەن. بەڵام ئەگەر چاوێك لە ڕابردووی ئەدەبی کورد بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە نووسەران و شاعیرانی نەمر چ خزمەتێکیان بە زمانەکەمان کردووە و هەر کامیان کۆڵەکەیەکی قایم و پتەور بوون بۆ ئەو میچە بەرین و بەرزەی زمانی کوردی و لە مەترسیی بوومەلەرزە و تێك تەپین پاراستوویانە و بە جوانترین شێوە هەتا ئەمڕۆیان هێناوە و داویانەتە دەست ئێمە. تەواوی ماوەی تەمەنیان لەگەڵ ئەو هەموو کەموکووڕی و نەبوونی و چەرمەسەرێ و کوێرەوەرییەی بوویانە پارێزگارییان لە زمان و ئەدەبەکەی خۆیان کردووە و خوێنی دڵیان خواردووە و سووکایەتییان پێکراوە و بەند و ئەشکەنجە و زیندانیان بە گیان کڕیوە و تامڵیان کردووە و زمانەکەیان بە رۆحی خۆیانەوە گرێ داوە و هەتا دوایین ساتی ژیانیان بۆ گەشانەوەی هەوڵیان داوە و خەمیان بۆ خواردووە و بەو ئاواتەوە سەریان ناوەتەوە.

زۆربەی ئەو شاعیر و نووسەرانەش لە حوجرەوە سەریان هەڵداوە و حوجرە دەورێکی گرینگ و بەرچاوی بووە لە بووژانەوە و پەرەپێدانی زمان و ئەدەبەکەماندا. هەر لە مەلای جزیری و ئەحمەدی خانی و نالی و مەحوی و حاجی قادر و بێکەس و پیرەمێرد و سالم و کوردی و بێخود و حەمدی و وەفایی و حەریق و قانع و سەیفولقوزات و حەقیقی و ئاوات و خاڵەمین و قزڵجی و زەبیحی و هەژار و هێمنەوە تا دەگاتە راوچی و نووری و... هەموو لە حوجرەوە هەڵقوڵیون و هەر کام ئەستێرەیەکن لە قوژبنی حوجرەی گڵین و دووکەڵاوی و کون تێبووەوە هەڵاتوون و ئێستا ئاسمانی زمان و ئەدەبەکەمانیان رووناك و گەشاوە و زریوەباران کردووە.

جێی خۆیەتی لێرەدا بۆرە گلەییەك لە مامۆستایانی ئایینی و حوجرە بکەین و لێیان بپرسین بۆ بێدەنگن و دەنگ هەڵنابڕن و سەر هەڵنادەن؟ بۆ ئاسۆی حوجرە تەم گرتوویەتی و ئەستێرەی لێوە هەڵنایە. خۆ مامۆستاکانی ئەمڕۆ لە هەموو بارێکەوە لە مەلا و فەقێکانی قەدیم تێر و تەسەلتر و پۆشتە و پەرداختر و بێخەمترن و ئازادیی قەڵەم و بەیانیش ئەمڕۆ زیاتر هەیە.

با لەوە زیاتر خوێنی خۆم تاڵ نەکەم و قسەی هەق و ڕەق نەدرکێنم و دڵانی ناسك و شێعراوی و هونەراوی لە خۆم شلوێ نەکەم و درێژدادڕی وەلا نێم.

ئەگەر بە چاوێکی هەقبینانە و سادقانەوە بڕوانینە بواری پەخشانی سەردەم لە ئەدەبیاتی کوردیدا لە دوای ماموستا هەژار، قەڵەمی مامۆستا مەلاعەبدوڵلای ئەحمەدیان لەو بوارەدا لووتکەیە و پاراوی و ناسکی و رەوانی و رەسەنایەتی زمانی ئەو کەڵە نووسەرە مرۆڤ تووشی سەرسوڕمان دەکات، زمان و وشە و زاراوە و دەستەواژە و پەند و قسەی نەستەق لە دەستیدا وەکوو مێو وایە و لە دانان و ڕیز کردنی وشەدا هێندە میعمارێکی زانا و مامۆستایە و هێندێ جار شیرینی و رێکوپێکی و جوانی لە زمانی پەخشانەکانیدا دەگاتە ئاستێك خوێنەر مەست دەکا و وەك دەروێش لەوانەیە حاڵی لێ بێ و شاگەشکە بێ.

مامۆستا ئەحمەدییان لە بواری ئایینی و ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و هونەری و سیاسیدا هەوڵی داوە و قەڵەمە بەبڕشت و بەتواناکەی وەك کانیاوی بەهاران وشەی رەسەن و پەتیی کوردی لێ هەڵقوڵیوە و خوێنەری وریا و کوردیزان و شارەزای زاراوەی رەسەنی موکریان دەزانن چ سیحرێك لە زمان و کەلامی ئەو زاتە پایە بەرزەدایە.

رۆمانی «گەلحۆ» گەنجینەیەکی دەوڵەمەند و بەنرخی ئەدەبییە کە کەلاوڕێژە لە وشەی رەسەن و پەتیی کوردی. لەگەڵ ئەوەشدا رۆمانێکی رەخنەگرانە و تەوسئامێزە و ئاماژە بە بیر و باوەڕ و خورافاتی کۆمەڵگای کوردەواری دەکا و دەیانداتە بەر پللاری تانە و سەرکۆنە.

لە بواری ئایینیشدا دەیان کتێب و وتاری بەنرخی نووسیوە و بە شێوەیەکی رۆشنبیرانە و سەردەمییانە ئاوڕی لە مەسەلە ئایینییەکان و بارودۆخی دین و مرۆڤ داوەتەوە و هەروەها زۆربەی گەورە پیاوانی ئەدەب و ئایینی بەسەر کردۆتەوە و سەبارەت بە ژیان و ئاسەواریان نووسیویەتی و تیشکی سەرنجی خستۆتە سەریان و بە کۆمەڵگەی کوردەواریی ناساندون. مامۆستا ئەحمەدیان ئەو گەورە پیاوانەی بە چیای بەرز شوبهاندووە و لە ڕاستیدا هەر واشە. چونکە گەورە پیاوانێکی وەك عەللامە قزڵجی و عەللامە مەلا ئەبووبەکری موسەنیف و مەیۆسفی ئەسەم، بوداغ سوڵتان و مەلاجامی و...

هەروەها چەند لێکۆڵینەوەی ئەدەبی نووسیوە لەوانە وەفایی و سابڵاغ، مەولەوی و ئاسەوارەکانی لە دەلاقەیەکی نوێوە، بیرەوەریی مامۆستا هەژار، شێعر و هێمن، یادێك لە مەلا کەریمی فیدایی، شوێن دانانی قورئان و حەدیس لە سەر ئەدەبیاتی کوردی، سووکە ئاوڕێك لە مێژووی زمان و وێژەی کوردی و زمانی تەنز و تەوس و...

هەروەها چەند وتاری ئایینی و نەتەوایەتی نووسیوە. وەك: کورد و ئیسلام، رۆژ زەوی مانگ ئاو، هەوا، بیرەوەریی کارەساتی جەرگبڕ و دڵتەزێنی هەڵەبجە، زستانی دڵڕەشی کەوڵ سپی تێی تەقاند، جێژنی نەورۆز و پەیام و بیرەوەرییەکانی و...

لە وتاری «شێعر چییە و شاعیر کێیە؟ شیعر کەڵکی چییە و زیانی چییە؟ شیعری کۆن و نوێ تەوفیریان چییە؟»دا ئاماژە بە زۆر شتی جوان و ناسك دەکات و دەفەرمێ: «شیعر گڕ و گڕەی دڵانێکە کە مەنجەڵی دڵی چەند ئینسانێکی دیکە لەسەر کوانوویەکی سێ کوچکە وەکوڵ دێنێ و ئەو کوچکانەش بریتین لە:

١ـ شعوورێکی تایبەتی و هەست و خوست و دیتن و بیستنێکی کە دەبێتە هۆی ئەوە شاعیر رەنگ و دیمەنی وا دەبینێ و بانگ و هاواری وا دەبیستێ کە هەتا ئەو هاواری نەکردووە و دەست نیشانی نەکردوون، خەڵکی ئاسایی هەواڵێکیان لەوان نەبووە، وەکوو ئەوەی کە هەر ئەو دووربینی بە سەر چاوییەوە بێ و هەر گوێی ئەو هەست و خوستی نهێنی ببیستێ!

کوچکی دوویەم دەزگایەکی یەکجار بەکاری بیرتاشین و چاوگۆڕین کە شاعیرێك بە هێزی ئەو دەزگایە دەتوانێ دوو کاران بکا، یەکەم: دووربینی دیتنی خەڵك بۆ دیتنی ڕاستەقینەکان ئەوەندە بەتین و گوڕم و قۆچاغ بکا، کە هەق و ناهەق و چاکە و خراپە بە رەنگێکی یەکجار زەق و زیندوو ببینن. دوویەم: دووربینی دیتنی خەڵکی وەها سەرەوبن کەن کە شتی زۆر کەم و بڕیان بە زۆر و زەوەند وەبەر چاوی خەن!

کوچکی سێیەم: هێزی داڕشتنی بیر و لە قاڵبدانی خەیاڵ کە شاعیرێك بە جۆرێکی ئەوەندە هونەرمەندانە ئەو بیر و خەیاڵانە دادەڕێژێ و قاڵبەکانیان پێك دەگرێ و هاوتایان دەکا و جەمسەرەکانیان هاوڕەنگ و هاودەنگ دەکا و شایانی بیستنیان دەکا....»

کە بە بڕوای من جوانترین وەڵامی بۆ شیعر چییە بە دەستەوە داوە. بۆچوونی ئەو مامۆستا بەڕێز و زانایە وردبینانەترین وەڵامە بۆ ئەو پرسیارە. لەو وتارەدا زۆر بێ لایەنانە شیعری نوێ و شیعری کێش و سەروادار هەڵدەسەنگێنێ و ئاماژە بەو خاڵە گرینگەش دەکا شیعری نوێ رەنگە لای نەتەوەکانی دیکە نوێ بێ، بەڵام لە لای ئێمەی کورد سەدان ساڵە بە شێوەی بەیت و حەیران و بەندەکان کوتراوە و منیش بەش بە حاڵی خۆم ئەو رایەی دەسەلمێنم و لەوەتا دەستم قەڵەمی گرتووە و بیرم بڕی کردووە هەر لەسەر ئەو باوەڕە بووم و شیعری نوێم بە درێژە پێدەر و کامڵ بووی بەیت و حەیران و بەندەکان زانیوە. شیعریش ئەگەر شیعر بێ لە هەر قاڵب و فۆرمێکدا بێ شیعرە و شیعری ڕاستەقینەش یانی ئاوێنەی زەمان، ئاوێنەیەك کە لە چوارچێوە گیرابێ یان بێ چوارچێوە بێ گرینگ نییە، گرینگ ئەوەیە جوانی و ناحەزی و هەقیقەتی ژیان و زمان و کۆمەڵگە نیشان بدا.

لە کۆتاییدا جارێکی دیکە تکا لە نووسەران و شاعیرانی لاو دەکەم ئاگایان لە زمانەکەمان بێ و هەوڵ بدەن زمانی کوردی بە شێوەی دروست و رێزمانی دروستەوە فێر بن و پێی بنووسن. ئەوەش تەنیا لە سایەی قەڵەم و رێبازی گەورە پیاوانی گەلەکەماندا وەدەست دەکەوێ و دەتوانین تینوایەتیمان لە کانیاوی بیر و زانست و زمانی رەسەنی گەورە پیاوانێکی وەك مامۆستا هەژار و مامۆستا هێمن و مامۆستا راوچی و مامۆستا ئەحمەدیان بشکێنین و پاراو بین و درێژە پێدەری ڕێگە پاك و بێگەردەکەیان بین.

# KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party

No. ٥١١ ٥ June ٢٠٠٩

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی "کوردستان"و رادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@ kurdistanukurd.org info@ kurdistanukurd.com
www.kurdchannel.com : Hotbird: ٨ - MHZ: ١١٦٠٤ -
Polarization: Horizental - S R: ٢٧٥٠٠ - FEC: ٥/٦

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: ٠٠ ٩٦٤٧٧٠١٥٩٧٢٦٨

٠٠٩٦٤٧٧٠١٩٠١٦٥٨تەلەفۆنی تەشکیلاتی نهێنی:
Kdp.Tashkilat@gmail.com
Tashkilat٨٢@yahoo.com


## وێبلاگنووس

### گۆشەیەك بۆ ناساندنی وێبلاگە كوردییەكان

"هانای کوێستان" ناونیشانی وێبلاگی، وێبلاگنـووس کوێستان فتـوحی چـالاکی بـواری ژنانـە کـە بـەمجۆرە پێناسـەی لاپـەرەی ئینتێرنێتییەکـەی خـۆی دەکـا: مێنبەرێکـە بـۆ گەیانـدنی هانـاو هـاواری یەکسانیخوازنەو ئینسانی منـی ژن، ماڵێك بۆ پرسی ژن و مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان.

نێـوەرۆکی ئـەو وێبلاگـە هـەروەك لـە پێناسەکەیدا هاتوە تـەرخان کـراوە بـۆ روانگـەو بۆچـوونەکانی وێبلاگنـووس کوێـستانە لەسـەر پرسـی ژن و مەسـەلەکۆمەڵایەتییەکان. "بـە بیانووی رۆژی دایك"، ژن قوربانی نایەکسانی لە بـازاری کـاردا"، بـۆ سـڕینەوەی هـەڵاواردنی جینـسی لـە دژی ژنان رێگەیـەکی دووورودرێـژ لـە پێشە"، بەشداری ژنـان لـە هەڵبـژاردنی سـەرۆك کۆمار لەپێناو چی دا "ژنـانی وشـیاری ئێـران بـە دروشمـەکانی سـەروبەندی هەڵبـژاردن هـەڵنافریوێن، لـە نـوێترین بابەتـەکانی ئـەم وێبلاگەن.

هـەروەها لـە وەڵامـی پرسـیارەکاندا وێبلاگنووس لە سەر ناوی ئـەو وێبـەی بـەجۆرە دواوە: کە هانا بە واتـای داوای یارمـەتی و "گـەڕان بـە شـوێن فریادرەسەوە" و چونکە لە کۆمەڵگـەی کـوردەواری دا ژنـان لـە ژێـر نـەریت و یاساورێـسا کـۆن و چەقبەسـتووەکان دا دەپلیـشێنەوەو عەقڵییـەتی پیاوسالاری کۆمەڵگەی کـورد ژنـی لـە چوارچێوەیەکی تەنگەبەردا زیندانی کردوە. ئەم وێبلاگە مینبەرێکە بۆ گەیاندنی هانا و هاواری یەگسانیخوازانەی ژنێك.

بۆ زانیاری زیاتر دەتوانن سـەردانی ئـەم ناونیـشانە ئینترنێتییە بکەن.

www.kwestanftohi.blogfa.com

## هانای کوێستان

مینبەرێکە بۆ گەیاندنی هانا و هاواری یەکسانیخوازانەو ئینسانی منی ژن

# فیلمێکی پڕۆپاگەندەیی لە سەر هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری ئێران نارەزایەتی لێکەوتەوە

بـە دوای ئـەو هەواڵـە دا کـە بڕیـارە ئەکتـەرێکی تیئـاتر لـە فیلمێکـی پڕۆپاگەندەیی بە دەرهێنەریی مەجید مەجیدی بۆ یەکێك لە پاڵێوراەکانی سەرکۆماری ئێران بەرهەم بێ، ئەنجومەنی پەیمانگەی هونەرە جوانـەکانی شاری سمنان لە نامەیەکی رەخنەگرانە دا نارەزایـەتیی خۆیـان سـەبارەت بەو کارەی دەرهێنەر دەربڕی.

لـەو نامەیـە دا داوا لـە دەرهێنـەر کـراوە کـە دەروەسـتی و رەوشـتی هونـەری خـۆی بپـارێزێ و بـۆ بـەلاڕێ دابردنـی بـیروڕای گـشتی خـەڵك کەڵکئاژۆیی لە هونەر نەکا. لـەو نامەیـە دا وەبیر دەرهێنـەر هێنراوەتـەوە کـە هونـەر بـۆ وەئاگا هێنانـەوەی کۆمەڵگەیـە نـەك بـۆ گەمـەو یارییـە سیاسـییەکان، هـەر بۆیـە بـە لەیـستۆکە کردنـی هونـەر لـە دەسـتی سیاسەتزانان کارێکی نارەوشتیی و دووری لە پێگەی هونەرمەندێکە.

# دەرهێنەر حسێن میسری ماڵئاوایی لە ژیان کرد



حسێن میسری دەرهێنەر لە بواری شانۆو دراما، تووشی جەڵتەی دڵ هات و لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شاری سلێمانی کۆچی دوایی کرد.

میسری لە ماوی ئەو چەند ساڵەی دوایی دا بە چەند زنجیرە تەلـەفزیۆنیی وەك "خۆر نەوەزان"، "خەمی چۆلەکەکان"، "رەشەی پۆلیس" و "حەسەنە فەندی" توانی خۆی بە بینەرانی تەلەفزیۆنە کوردییەکان بناسێنێ.

پێویستە بوترێ حسێن میسری ساڵی ١٩٥٧ لـە شـاری کـەرکوك لـە دایك بووەو بڕوانامەی کولێژی هونـەری لـە زێدەکـەی خـۆی وەرگرتـوەو هـەروەها ئەنـدامی یەکیـەتیی هونەرمەنـدانی کوردسـتان و لـە بەشـی درامـای کانـاڵی کوردسات و خاك دا کاری دەکرد.

# ئیمپراتۆری شمشاڵ ماڵئاوایی لە ژیان کرد

قاڵەمـەڕە، ئیمپراتـۆری شمـشاڵ، لـە ئێوارەیەکی خەمباری کوردستان دا بەرەو رۆحی بـەرزی هونەرمەنـدە نـەمرەکانی نیـشتمان لـە شەقەی باڵی داو هـەتا لای کۆنـە ئاواڵەکـەی بە داوێنی ناڵەشکێنەوە لـە فـڕین نەوەستاو وێـڕای زیـرەك پـاڵی وەبەنـدەنی چـیا سـەربەرزەکەی شاری بۆکان دایەوەو لە کەرنـەڤاڵێکی بەربـەرین دا بـە بەشـداری هـەموو لاوان ، هونەرمەنـدان ، نووسـەران و کۆمـەڵانی خـەڵکی کوردسـتان بـە باوەشی ئەو خاکە ئەسپێردراو لە مـەرگی پڕ لـە پەژارەیـدا زرێبـارو گـۆلی وانو گـۆلی ورمـێ دەسـتیان خـستە ئەسـتۆی حـەوزە گەورەکـەی بۆکـانو بـە کـوڵ گریـان. کۆچـی مامەقالـە لـەو کۆچـانە نـەبوو کـە خـۆ بـە گڵـی مـەیل بـڕ، دەسـپێرنو دوای شـیوەنێکی بـەکوڵ لـە یـادان بچێتەوە. ئەو مەرگە مەسەلی "گڵ مەیل بڕە"ی وەدرۆ خستەوەو هەتا هەتایە ئـەو هونەرمەنـدە مەزنـە لـە ناڵـەو سـۆزی شمـشاڵ دا زینـدووە. چونکە قاڵەمەڕەی شمشاڵژەن ئەو کەسە بوو کە شمشاڵی لە شاخەوە هێنایە نێو کۆڕی ئەدیبانو



رۆشنبیرانو خوێندکارانو ئاکادیمیستەکان. ئیتر دوای ئـەو کـەس ناتوانـێ بڵـێ شمـشاڵ تـەنیا ئامێری شوانانە.

ئەوەی لە گەرووی ئەو ئامێرەوە دێتـە دەرێ، هەناسـەی دڵـی هـەموو مرۆڤێکـی زینـدووە. شمـشاڵی مامەقالـە دەنگـی شـیوەنی عەبدولعـەزیزی داسـنیو هەنیـسکی دەمـی ئاویلکـەدانی سـەیدەوانو لاواندنـەوەی خـەجی نازشـێواو و زریکـەی برینـەکانی سـیامەندو سـکاڵاکانی شـۆڕمەحموودو مـەرزینگانو شـینگێڕییەکانی ئەسـتیو بوغـدانو نرکـەی رەوەزو چـیا سـەربەتەمەکانی کوردسـتانە. دەنگـی شمـشاڵی قالەمـەڕە ئاهـەنگی بەسـۆزی لەشکریو ئازیزەو پایزەو سوارۆو شینی هەزاران گراویـی بـێ سەروشـوێنی نێـو چـڕودۆڵەکانی مێژوویە




## بەر لەماڵاوایی

# دەوڵەت لە نێو دەوڵەت لە کۆماری ئیسلامیدا

هیوا رەحمانی

لە کۆماری ئیسلامیدا، بڕیار بەدەستانی ئەسڵیی وڵات بـە دەنگـی خـەڵك هەڵ نابژێردرێن (وەك رێبـەری نیـزام کـە دەسـەڵاتێکی یـەکجار زۆری هەیـە). ئەوانەش کە خەڵك دەتوانێ دەنگیان پێ بدا، هەم دەسەڵاتێکی ئەوتۆیان نیە، هەم کاندیدای خەڵك نین، بـەڵکوو کاندیـدای نیـزامن. چـونکە کاندیـداتۆری لـە ئێرانـدا ئـازاد نیـەو، شـووڕای نیگابـان تـەنیا ئـەو کەسـانە وەك کاندیـدا بـۆ پۆستەکانی وەك سەرکۆماری و مەجلیس و هتد... دیلێتەوە، کە بۆخۆی پێی باش بن. لە نێو ئەوەندە کاندیدایەشدا کـە شـووڕای نیگابـان سـەلاحیەتییان تەئیید دەکا، رێبـەری نیـزام و هێـزو دەزگاکـانی سـەر بـە رێبـەری (شـووڕای نیگابان، وەزارەتی نێوخۆ، رادیـۆو تەلـەویزیۆن)، سـوپای پاسـداران، بەسـیج و... ، لـە رێگـەی جۆراوجـۆرە، هـەوڵی سـەر خـستنی ئـەو کاندیـدا یـا ئـەو کاندیدایانە دەدەن کە بۆ خۆیان مەبەسـتیانە. ئەگـەر سـەرەڕای هـەموو ئـەو کۆسپانە، خەڵك توانیـان "نـا" بـە سیـستەمی ویلایـەتی فـەقیهی و کاندیـدای دڵخـوازی ئـەو سیـستەمە بڵـێن و یـەکێك هـەڵ بـژێرن کـە تـا رادەیـەك لـە بیرکردنەوەدا لەگەڵ کاندیدای بڕیاربەدەستانی ئەسڵیی نیزام جیاوازیی هەیـە، ئەو کات لە رێگەکانی دیکەوە هەوڵ دەدەن هەموو کارەکانی ئەو هەڵبـژێردراو یا هەڵبژێردراوەنابەدڵانە پووچەڵ بکەنەوەو، بە شێوەی جۆراوجـۆر کۆسـپیان بۆ دروست بکەن.

لـە ٢ی جـۆزەردانی ١٣٧٦دا، خـەڵکی ئێـران کاندیـدای دڵخـوازی وەلیـی فـەقیهیان (کـە نـاتیق نـووری بـوو) تێـك شـکاندو خاتـەمیان هەڵبـژارد. لـە هەڵبژاردنی مەجلیسی شەشەمیشدا ئەگەرچی سەلاحییەتی ژمارەیەکی زۆر لە کاندیداکانی دڵخوازی خەڵك لە لایەن شـووڕای نیگابانـەوە رەت کرایـەوە، بـەو حاڵەش خـەڵك کەسـانێکیان هەڵبـژارد کـە ئەگەرچـی سـەلاحییەتیان تەئییـد کرابوو، بەڵام بە دڵی کۆنـەپارێزان و رێبـەری نیـزام نـەبوون. بـۆ ئـەوەی ئـەم سـەرکۆمارەو ئـەو مەجلیـسە نـەتوانن لەوەنـدە دەسـەڵاتە سـنووردارەش کـە هەیانبوو، بە باشی کەڵك وەربگرن، رێبەری نیزام و دام و دەزگاکانی سـەر بـە ناوبراو، دەوڵەتێکیان لە نێو دەوڵەتدا وەکار خست و، ئەوەندەیان ئۆرگـان و ناوەندی هاوتەریبی ئۆرگان و ناوەندی رەسمی و قانوونییەکان بـە کـار هێنـا کە سەرکۆمارو مەجلیس نەتوانن لە پێستی خۆیاندا بجووڵێنەوە! لە راسـتیدا ئەو دوو نیهادە هەڵبـژێردراوەی خـەڵك (کـە ئـەو هـەمووە کۆسـپەش لـە سـەر رێگەی هەڵبژاردنی دێموکراتیکی ئەوان هەیە)، هەر کات بـە دڵـی بڕیـاردەرانی راستەقینەی سیـستمی دەسـەڵاتداری نـەبوون، کاریـان تـەنیاو تـەنیا دەبێتـە پووچەڵکردنەوەی ئەو قەیران و کار شکێنیانەی ئۆرگان و ناوەندە ناقانوونییە هاوتەریبەکان بۆیان دروست دەکەن.

بە تازەیی ناوەندی بەڵگەنامـەکانی مـافی مـرۆڤ لـە ئێـران (iranhrdc) راپـۆرتێکی لەسـەر چـالاکیی نهێنـی و ناقـانوونیی دەزگـاو دامـەزراوە هەواڵگرییـەکانی هاوتـەریب لـە سـەردەمی سـەرکۆماریی خاتـەمی (١٣٧٦ تـا ١٣٨٤)دا، بڵاوکردۆتەوە. ئەم گرووپ و دامـەزراوە ناقانوونییانـە کـە سـەر بـە دام و دەزگا دەوڵەتییەکان و دەسەڵاتی قەزایی بوون لە لایەن کۆنەپارێزانەوە بۆ کـۆنترۆڵ کردنـی دەسـەڵات لـە سـەردەمی خاتـەمی دا بـە کـار هێنـراون. راپۆرتەکە دەڵـێ ئـەم دامـەزراوە هاوتەریبانـە، کاریـان هەڕەشـەو ترسـاندن و دەمکـوتکردنی ریفۆرمخـوازان، نـەیارانی سیاسـی و، ئـەو کەسـانە بـووە کـە رەخنەیان لە کۆنەپارێزان دەگـرت. رۆژنامەنووسـان، چـالاکانی خوێنـدکاری و چـالاکانی کۆمەڵگـەی مـەدەنی لـە ئامانجـە سـەرەکییەکانی ئـەو دامەزراوانـە بـوون. قوربانیـانی ئـەم دەزگایانـە لـەو بەندیخانانـەدا رادەگـیران کـە لـە ژێـر چاوەدێریی "رێکخراوی بەندیخانەکانی وڵات " دانەبوون. ئەوان بە شێوەیەکی وەحـشیانە لێکۆڵینـەوەیان لەگـەڵ دەکـراو بـۆ ماوەیـەکی زۆر لـە ژووری تاکەکەسـی دا رادەگـیران. تەنانـەت پـێش ئـازادکردنیش، ئەزیـەت و ئـازار دەدران.

گیراوەکـان بـە تـاوانی وەك تێکـدانی تـەناهیی وڵات، جاسووسـی، کۆکردنەوەی زانیاری بۆ دەوڵەتانی بێگانەو بێحورمەتی بە بەرپرسـانی نیـزام تاوانبار دەکران. بەو مەرجەش ئازاد دەکران کە دان بـەو تاوانانـە دابنـێن کـە دەزگـا هەواڵگرییـە هاوتەریبـەکان، بـۆ بڵاوبوونـەوە لـە تەلـەڤیزیۆن، بۆیـان دەنووسین. "رێنـێ رێدمـەن" بەڕێوەبـەری ئیجرایـی ناوەنـدی بەڵگەنامـەکانی مـافی مـرۆڤ لـە ئێـران، دەڵـێ:"پانتـایی و بـەربڵاویی چـالاکیی نهێنـی ئـەو دەزگایانە لە نێوخۆو دەرەوەی ئێران ناڕوونە. ئێمە هیوادارین راپۆرتە هـەفتا لاپەرەییەکەمان بەشێك لـەو چالاکییانەی لـە قـاو دابـێ. هـەروەها هیـوادارین جارێکی دیکە ئەو چالاکییانە دووپات نەبنەوە."

ئێستا کە هەڵبژاردنی دەیەمین دەورەی سەرکۆماری لە ئێران لەم رۆژانـەدا بەڕێوە دەچێ، دەرفەتێکی دیکە بۆ ململانێی خەڵك لەگەڵ سیستمی ویلایەتی فەقیهی و نا گوتنەوە بەو سیستەمە لەبەردەم خەڵك دایـە. ئەگـەر خـەڵك لـەو ململانێیـەدا سـەر بکـەون، جـارێکی دیکـە ئـەم دامـەزراوە نـاڕەسمی و ناقانوونییانە، دەوڵەتێك لە نێـو دەوڵەتێکـدا دروسـت دەکەنـەوەو، رێگـە لـەو گۆڕانانە دەگرن کە خەڵك داوایان دەکەن. دەبێ خەڵکی ئێران نەکشێنەوەو لە مەیدان دابن بۆ ئەوەی جارێکی دیکە، پێشڕەوی و دەسکەوتەکانیان پووچەڵ نەکرێتەوەو، بتوانن بەشێك لەو دروشم و بەرنامانـەی دەنگیـان پـێ داون، بـە سەرکۆماری تازەو کۆماری ئیسلامی جێبەجێ بکەن.

سەرچاوە. http://www.iranhrdc.org